# ئاڤیار

## ڕێبەرییەکی سادە بۆ مامۆستای ئەلفبێی زمانی کوردی

ناوی پەڕتووک : ئاڤیار , ڕێبەرییەکی سادە بۆ مامۆستای ئەلفبێی زمانی کوردی

ئامادەکار : ئاڤان نامیق ڕەشید

پێداچوونەوەی : بەختیار مام حەمید

بیرۆکەی پڕۆژە : کۆسار عەبدوڵا

بابەت : پەروەردەیی

تایپ و دیزاین :

چاپ :

تیراژ :

ساڵی چاپ :

ژ . سپاردن

**سەرەتا :**

(من ئاڤانم و کەنیشک و کیژی ناو خەڵک و کۆمەڵەکەی خۆمم و وەک خۆم قسە ئەکەم،ڕەگوڕیشەی من لە قووڵایی چیا و دەشتاییەکانی وڵاتی کوردانداىە، فشاری زۆر ناخەمە سەر خۆم و ئێوەیش، نە دەم باریک ئەکەمەوە و نە زمان لار ئەکەمەو، بە زمانێکی کوردیی سادەی ڕۆژانە و وەک جۆرێک لە گفتوگۆ قسە ئەکەم، چەمکی ئاڵۆز و وشەی قەبە و واژەی بریقەدار هەرچەنە سوودی خۆیانیشیان هەبیت و گرنگبن، بەڵام من پەنای بۆ نابەم و زمانی باڵا لای من ئەو زمانەیە کە هەمووومان پێکەوە ئاخافتنی پێئەکەین و لێی تێئەگەین، بۆیە چاک ئەوە ئەزانم کە زۆرینەتان ڕەخنەی یەکەمتان ئەوەیە کە چۆن ئەکرێت کتێبێک بەم زمانە بنووسرێت و بەمشێوە بچێتە بەردەم مامۆستا و خوێندەڤان؟ هەقی خۆتانە و ڕەخنەکەتان چاوەڕووانکراوە، چونکە ئێوە ناتوانن و ناوێرن بە هەمان ئەو زمانەی کە قسەی پێئەکەن بیشنووسن، هەزار و یەک میکیاژ و بەڕووواڵەت جوانکاریی ئەکەن و هێشتا ئەترسن بنووسن و بوێرییتان نیە، بۆیە ئیتر باسەکە ئاوای لێهات و ئەوە گاڵ و ئەوەیش پەموو ..)

وەک مامۆستایەک و ڕاژەڤانیک کە بۆ ماوەی چوار ساڵە ئەلفبێی کوردی ئەڵێمەوە، گەرەکمە بەپێی ئەزمونی خۆم و ئەو ماوەیە هەندێ شت بنوسم و بیخەمە بەردەم ئێوەی خۆشەویست بەڵکو ببێتە سوود بۆ ئێوەش، ببێتە ڕێبەرییەکی باش بۆ ئەو مامۆستایانەی خوازیارن زانیاری وەربگرن و بەرچاو ڕوونییان هەبێت بە تایبەت ئەوانەی نوێن و ئەزمونیان کەمە ئەگەر سوودیشی نەبوو ئەوا بیدەنەبەر ڕەخنە کە ئەوە بۆ خۆی سوودێکی باشە.

وەرگرتن و قبوڵکردنی ئەلفبێی کوردی ، ئەرکێکی قورس و پیرۆزە بە بڕوا و تێگەیشتنی من , ئەکرێ ئەم ئەرکە پیرۆزە جوانتر بکەین بە دڵسۆزی و دواتر شارەزایی و پتر خۆ ماندوو کردنمان .

هەروەک فەیلەسوفی کورد (بەختیار مام حەمید) دەڵێ : دڵسۆزی شارەزایی پەیدا دەکات و لە خەمخۆرییا شارەزا ئەبیت،بەڵام شارەزایی(ئەگەرچی زۆر گرنگیشە) دڵسۆزی پەیدا ناکا یان دەستەبەر ناکات و بەرهەم ناهێنێت.

وانە وتنەوە هونەرە وەک هەر هونەرێکی تر، بە تایبەت ئەلفبێی کوردی چونکە مامەڵەکردن لەگەل منالی تەمەن شەش_حەوت ساڵان پێویستی زۆری بە ئارامگرییەکی زۆر باش و هەڵسوکەوتێکی نەرم و نیان و دڵفراوانیی و پشوودرێژییەکی لەڕادەبەدەر هەیە و فرە هەستیارە . منداڵ لەو تەمەنە کەم و بچوکەیدا مێشکی وەک پەڕەیەکی خاوێنی سپی وایە چۆنت بوێ ڕەشی ئەکەیتەوە

بۆیە پێویستە لەسەرمان ئاگاداری ئەو تەمەنە جوان و بێ خەوشەبین و خوێندن و خوێندنەوەیان

لا خۆشەویست بکەین وە بەجوانترین و باشترین شێواز مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین ژینگەیەکی گونجاویان بۆ برەخسێنین .

پێ َم باشە کەمێ لەو ئەزمونەی خۆم بۆ ئێوە باس بکەم و وەک کتێب ێک و ڕێبەرییەک هەبێت لە کتێبخانەی کوردیدا، چونکە بەداخەوە تا ئێستا لە پاڵ ئەو هەموو مامۆستا باش و بە ئەزمونەدا ڕێبەرییەکمان نییە جگە لە ڕێبەرییەکەی وەزارەتی پەروەردە کە ئەویش وەک بەرچاو ڕوونییەکە ئەگینا ورد و باش نەچووەتە ناو باس و پیتەکان .

هیوادارم ان شا الله شتێکی باش و ڕێک و پێک بێت و سودی بۆ مامۆستا و ئەو کەسانە هەبێت کە بەدوای سەرچاوە و زانیاریی و ئەزمونی کەسانی تردا ئەگەڕێن .

هیـوادارم وەک هەمووجـارێ کە بەختیـار مـام حەمیـد ئەڵێـت: لە کەمووکورتییەکـانم مەبـوورن، بەڵکـو دڵسـۆزانە ڕەخـنەم لێبگـرن و ئاگـارم بـکەنەوە و تـا ئەو شـوێنەی کە ئەتـوانن بـۆم ڕاسـت بـکەنەوە ، ئەمەیان هەم بۆ من و هەم بۆ کتێب و بابەتەکەیش گرنگترە.

**دڵسۆزیی لە پێش شارەزاییەوەیە!**

(ڕەنــگە ئەمە تــۆزێ قــورس و قبــوڵنەکراو بێــت کە پێمـــان وابـــێ دڵســـۆزیی دوو گـــاڤ لە پـــێش شارەزاییەوەیە).



هیچکات و بە هـیچ بەهـانەیەک لە گرنگیی شـارەزایی و بەهرەداریی و لێزانییم کەم نەکردۆتەوە، یـان هێرشی بێمانا و بێڕیشـەم نەکردووەتە سـەر پسپۆڕیی و بڕوانامە و ئەو ناوەندەی کە پێی ئەوترێت ئەکادیمیـا، بەڵام ئەوەی کە لە لای مـن بـووەتە بنەڕەت و ڕیشـەی بیـر و کـارم، ئەوەیە کە دڵسـۆزیی هەمیشە لە شارەزایی و پسپۆڕیی و بڕوانامە (تەنانەت ئەگەر زۆر باڵایش بێت) گرنگتر و بنەڕەتییترە و زۆر بە ســادەیی وتــوومە: دڵســۆزیی ئەتوانێــت شــارەزایی و لێزانیــی بەرهەم بهێنێــت، بەڵام قەت ناگونجێ کە شارەزایی ببێتە هۆکار  بۆ دروستبوونی دڵسۆزیی.

بۆیە هەمیشە (بە تێگیشتنی من) دڵسۆزیی (جا ئەو دڵسۆزییە بۆ هەر شت و هەر کایە و هەر پرسـێک بێت) گاڤێک و زیاتر لە پێش شارەزاییەوەیە.

من (بە پێوەرە هەلەقومەلەقەکانی جیهانی ئێستا) شـارەزای زمـان نیم، شـارەزای ڕێزمـان و ڕێنووسـی زمـانیش نـیم، وە هـیچ لە وردەکارییەکـانی ئەم بـابەتە بە پێـی یاساوڕێسـاکانی سـەردەم، نـازانم. بەڵام ئەوە بـاش ئەزانـم کە دڵسـۆز و خەمخـۆری زمـانی کـوردییم، کە هـیچ ڕۆژێک بەسـەر منـا تێنـاپەڕێ و خەمێک سەرباری خەمەکانم سەبارەت بە زووانی کوردیی نەبێت.

بۆ مـن زمـانی کـوردیی گرنگتـرین هۆکـار و سـەرەکیترین پـایەی مـانەوەی گەلـی خـاوەن فەرهەنگی جیهان،مرۆڤگەلی ژیر و قووڵایی مێژوو، ئاوەزی سنوورپارێزیی، کوردە.

زمانی کوردی، پارێزەری ئەو پەیڤ و وشە و واژە و وێژانەیە کە بۆ یەکەم گلەت لە مێژووا، مرۆڤی سـەرەتایی بیریان پێکردۆتەوە و دواتر کشـتوکاڵ و نووسـینیان پـێ بەرهـەم هێنـاوە و دۆزیـوەتەوە. کە ئەو دووانە (کشتوکاڵ و نووسین) دوو قەڵەمبازی مەزن (گەورەگـاڤ) و گرنگـی جیهـان و مێژووگـۆڕە و پێش و پاش خۆیان وەک ڕۆژی ڕوون (ڕۆشن، ڕۆژن، ڕۆچن)  بۆ ئێمەی مرۆڤگەلی ئێستا، وە دیـار ئەخەن و تـاڕادەیەکی فرەیش ئەو دوو بابەتە کۆت (کۆد) ی یەکلاییکرنەوەی زۆر کێشـە و قەیـران و نەهامەتیین کەبەسەر نەتەنیا ئێمەی کورد، بەڵکو تەواوی مرۆڤدا هاتووە و دێت.

زمانی کوردیی و خوێندنەوەی کوردیی و نووسینی کوردی، پەرژین(پەرچین)ی جێهـانبینیی کوردیین کە ئەکاتە جێهانبینیی مرۆڤی ڕەسـەن و خـاوەن مانـا و گەوهەر بۆ کۆی هەبـوون و هەمـوو بزاوت و جوڵە و تروتەشـقەڵەکانی بەزمـی ژیـان و لە هەمانکاتـا پرسـیار و بەرسـڤەکانی نـاو گفتوگۆکـانی ئەو دیدگا و جێهانبینییەیە.

زمـانی کـوردی، شـیکەرەوە و شـرۆڤەکاری مانـا و هێمـا و کـۆت(کـۆد و ڕەمـز)ەکـانی وڵاتـی دێـرین و سەرزەمینی یەکەمی مرۆڤە وشیار و ئاگادارەکانە کە وڵاتی کوردەجێیە.

ژیریی مرۆڤی کورد و پیت و هـاتی وڵاتـی کوردەجێ، یەک جیهـانی جیـا و سـەیری دروسـتکردووە بە جۆرێـک بـووەتە جێـی تەمـاحی نەیـاران و حەسـودیی دوژمنـان و هۆکـاری ماڵکـاولییە یەک لە دوای یەکەکانی مێژووی ئەم ناوچە و دەڤەرە.

زمانی کوردی، زمـانی مرۆڤگەلێکی وشـیار و ژیـری ڕەگ داکوتـاوی بیرکەرەوەی فەلسـەفیین کە جگە لەوەی ئـازا و ئـازاد و جەنگـاوەر و سـتەمقبوڵنەکەر بـوون، لە هەمانکاتـا بڕوایـان بە خۆشـەویسـتیی و

بەهەڕاژیان و ئازادیی ئەوانیتر و ئاسودەیی گشت و کامەرانیی هەمووان و سنوورپارێزیی هەبووە و هیچ خەڵک و مرۆڤگەلێک زیان و ئازار و ژاری بەدەستیانەوە نەچەشتووە و نەدیووە.



زمانی کوردی، زمانی بیرکردنەوەی سەرەتایی و دەربازبوونی مرۆڤی کۆنە بۆ قۆناخی کرانەوە و گفتوگۆ،بەرهەمهێنەری گومان و ئافرێنەری پرسیاری بنەڕەتیی و ڕیشەییە. زمانی کوردی، ڕێگای منە و گەڕانە بۆ وەڵامی ئەو دەردانەی کە ئەوسا و تا ئێستاش  یەخەی جیهانیان گرتبوو وە گرتووە.

زمانی کوردی، بۆ یەکەمجار کێشە و گرفت و دەرد و قەیرانەکانی ژیان ئەکاتە پرسیار و وەک پێسووتاو هەڵبەزودابەز ئەکات بۆ ئەوەی هەم وەڵامەکان بدۆزێتەوە و ئاشکرا بکات و هەم وەڵامەکان بکاتە چارەسەر و دەرمان و سارێژ بۆ ئەو کێشە و دەردانەی کە سەرەتا بە ژیرانە کردنیە پرسیار.

زمانی کوردی، زمانی سروشتە، زمانێکە کە تەواوی پەیڤ و واژەکانی لە خۆی و سروشتەکەی خۆیەوە وەرگرتووە و هیچکات(مەگەر زۆر بە دەگمەن) پێویستیی بە دەرەوەی خۆی و سروشتەکەی خۆی نەبووە بۆ ناونان لەو شتانە یان ئەو ڕووداوانە یان ئەو کایانەی کە لە ژینگەکەیا هەبووە. هەر بۆیە تاقوتریق و زرموکوت و هاژەوگرمە و تەپەتەپی ناو دار و بەرد و چەم و دۆڵەکانی کردووە بە زمان و بەمجۆرە گۆشتی لاڕان نا بەڵکو ناوچەوانی خۆی خواردووە و منەتی قەسابی چی؟ منەتی هیچ کەسی هەڵنەگرتووە و بێباک و بێنیاز و یاخیی و سرک و مرک بووە.

هەر لەم ڕووانگەوە  هەرکەس بە هەر جۆرێک (ئەگەر دێرێکیش بێت) خزمەت و ڕاژەی زمانی کوردیی بکات، ناڕاستەوخۆ خزمەتی سروشت وفەرهەنگ و ژیریی و پێکەوەژیان و ئازادیی و مرۆڤی ڕەسەنی جیهانی کردووە.

ئەم نووسراوەی بەردەستتان کە نووسینی مرۆڤێکی دڵسۆز و خەمخۆر و ژیری کوردە(مامۆستا ئاڤان نامیق) ئەگەرچی ڕەنگە هەڵەو پەڵەی زۆربێت، بەڵام هەروەک خۆی ئەڵێت ئەمە بەرهەمی ئەزموونی خۆیەتی، لە دڵسۆزیی خۆی دەستی داوەتە قەڵەم و نووسینی ئەم ڕێبەرییە، زۆر بە سادەیی و خۆییانە و وەک جۆرێک لە گفتوگۆ و دەمەتەقێ ڕووئەکاتە مامۆستا و فێرکار و وانەبێژەکان و پێیان ئەڵێت: ئا بەم ڕێگا ساکارە ئەکرێت منداڵەکانمان فێری نووسین و خوێندنەوە بکەین بە زمانی شیرینی کوردی.

دەغڵودانی ناو لاپەڕەکانی ئەم کتێبەی مامۆستا ئاڤان ، ئەگەرچی لە ڕووکەشا لەڕ و ئایەخ و نزم دەرەکەون، بەڵام تا دروێنەیان نەکەین و خەرمان نەکووتین نازانین کە چی بەرەکەتێک لەم دەغڵە بەرهەم هاتووە .

ئەوەی زۆر گرنگ بوو بۆ من ، لە هەمانکاتا سەرنجراکێشیش بوو ئەوەیە کە مامۆستا ئاڤان، هیچ عەزێتی خۆی و خوێنەر نادات و فشار ناخاتە سەر خۆی و خوێنەر، وەک ئەوەی لە کۆڕێکی دۆستانەدا دانیشتبێ، بە زمانی خەڵک و بازاڕ و زۆر بە سادەیی و دڵسۆزانە زانیارییە ئەزمونیەکانی خۆی ئەگوازێتەوە بۆ دڵخواز و فێرخوازەکان.

بەجۆرێکی  وا ورد کاری کردووە کە ئەگەر ئەم نووسراوە بچێتە بەردەم خوێندکارێکی پۆلی دووی بنەڕەتیی، تەنیا بەو مەرجەی  کە بتوانێت بنووسێت و بخوێنێتەوە، ئەوا بە ئاسانی ئەتوانێت وانەی پیتەکانی زمانی کوردی بڵێتەوە

خـوێنەر کاتێک ئەم کتێبە ئەخـوێنێتەوە دروسـت وەکـو ئەوە وایە کە تەماشـای گرتەڤیـدیۆییەکی نـاو پۆلێک بکات کە مامۆسـتایەک خەریک و سـەرقاڵی وانەیەکە بێگوێدانە ئەمـلاولا، چـونکە نووسـینەکان دیمەنەکـان بە قسـە و وانە و گفتوگۆکـانەو وەک وێـنە ئەگـوێزنەوە و زۆر قورسـە بتوانیـت نوانـدن و ڕۆڵگێڕانێکی ڕووکەشگەرایی بدۆزیتەوە.



لە دوای خوێنـــدنەوەی ئەم کتێــبە مـــن بە مامۆســـتا ئاڤـــان یەژم : زۆر ســـوپاس بـــۆ دڵســـۆزیی و خەمخۆرییەکەت بۆ وانەی کوردیی و ئەلفبێی کوردی.

بەختیار مام حەمید

باشوری وڵاتی کوردەجێ (کوردستان)

**دەسپێک:**

کاتێک سەرەتا  قوتابی دێتە قوتابخانە پێویستە ئێمەی مامۆستا و پەروەردەکار ئاشنایی قوتابخانەیان بکەین و قوتابخانەیان پیشانبەین و بیانگێڕین بە و شوێنانەی ئەوان زیاتر پێویستیانە .



هەفتەی یەکەمی خوێندنیان  واباشترە  فێری قەڵەم گرتنیان بکەین و کتێبەکانیان پێبناسێنین  پێیان بڵێین کە تیانووس  (دەفتەر ) یشیان پێویست دەبێت  بۆ نوسینی پیتەکان  وە فێری ئەوەیان بکەین کە کاتێ ئێمە شتێک دەنوسین دەبێت لەسەر هێڵ (خەت)  بینووسن بۆ ئەوەی ڕێک و پێک و جوان بێت , وە ڕێزی کتێبەکانیان بگرن  و کتێبەکانیان لەلا خۆشەویست بکەین.

پێمخۆشە  ئاماژە  بەوەش  بدەم  من وەک خۆم گرنگیی  زۆر بەوە ئەیەم هەم  وانەکە و هەم قوتابخانەشیان لا خۆشەویست بکەم ( سپیکەر)  دەبەم لەگەڵ خۆم و بۆیان دەخەمە سەر گۆرانی منالاَن  ئەوەی لەگەڵ تەمەنی ئەواندا  دەگونجێ .

پێش ئەوەی دەست بکەین بە خوێندنی ئەلفبێی کوردی پێش هەموو شتێک و پێش پیتەکان پێویستە مامۆستا باس لە گرنگی پەروەردە و فێرکردن و زانست و زانین و  ژینگەی قوتابخانە و گرنگیی  و ڕۆڵی بکات . لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە مامۆستا قوتابیی بکاتە منالێکی پرسیارکەر و ناوەناوەیش هەوڵ بدات وەلامی پرسیاری قوتابیەکان بکاتە گفتوگۆیەکی سادە و منالانە و لە هەمانکاتا فەلسەفییانە.

کتێبی پۆلی یەکەم ناسراو بە  (کتێبی سمۆرەکەو کەسایەتی سمۆرەکە)  بە  قوتابیان بناسێنین  و باسی ئەو ئاژەڵەیان بۆ بکەین وە حەزی ئەو ئاژەڵە لە خواردن و هیوایەتەکانی بۆ ئەوەی هەندێ بەرچاو ڕوونییان هەبێت و هەنێ پرسیاریان بۆ دروستبێت . ئینجا هەوڵ بدەین بە کردەیی بۆیان بهێنین و پیشانیان بدەین  ئەگەر بەشێوەی بوکەڵەش بێت باشترە لەوەی هەر پشت بە کتێبەکە ببەستین و خەیاڵیان بۆ دروستبکەین.

پێیان بڵێین ئەم ئاژەڵە جوان و خنجیلەیە هەردوو وەرزی یەکەم و دووەم لەگەڵمان ئەبێت هەتا  ئێوە بەتەواوی فێری هەموو پیتەکانی زمانی کوردی ، واتە  (زمانی دایک) ئەبن بە نوسین و خوێندنەوەوە هەرچەن من خۆم سەرنجم هەیە لەسەر ئاژەڵی  ( سمۆرە  ) کە ئەبوو سمۆرە نەبێت و ئاژەڵێکی  کە یان شتێکی کە بێت چونکە بەڕاستی سمۆرە  ئاژەڵێک نییە زۆر هاوڕێی مرۆڤ بێت , وە جگە لەوە گونجاو نییە بۆ پۆل . من خۆم لەماوەی ئەم چوار ساڵەدا زۆر هەوڵم یاوە  بەشێوەی بوکەڵە دەستم بکەوێت  بۆ ناساندنی هەر پیتێک لەگەڵ خۆم بیبەمە پۆل و پیشانیان بەم , وە بڵێم ئەمڕۆ مام سمۆرە ئەم پیتەمان پێئەناسێنێ  ئاوا زۆر باشتر و گەرم و گوڕتر ئەبوو بەڵام بەداخەوە نەمتوانی پەیدای بکەم . کاتێک پیتێک ئەناسێنین بە خوێندکارەکانمان  پێویستە  یان  وا باشترە  هەنگاو بە هەنگاو بێت

لە زمانی کوردیدا سی و چوار پیتمان هەیە بە (بە بزوێنی کورت و بزوێنی درێژەوە)

یەکەم پیت  لە ئەلفبێی زمانی کوردیدا پیتی (د) یە  کۆتا پیتیش پیتی (چ) یە واباشترە  هەفتەکانی سەرەتا هەفتەی یەک پیت بخوێنرێ  تا ڕادێن لەگەڵی و بەباشی فێرەبن دواتر لە هەفتەیەکا بکرێ بە دوو پیت ، وە لەگەڵ وتنەوەی وانەکانا مامۆستا تا زیاتر بجوڵێت باشترە چونکە منال بە سروشتی خۆی بە هۆی هەبوونی وزەیەکی زۆرەوە مەیلی لە جوڵەی  زۆر و چالاکییە .

# وانەکان

**وانەی یەکەم**

**کتێبی سمۆرەکە**

**پیتی (د) ئامەد**



**ناساندنی پیت :**

کاتێک یەکەم جار پیتێک بە خوێندکار دەناسێنین بەم هەنگاوانە :

**تێبینی :** دواتر مامۆستا دەتوانێ بە هەنگاو بێت یان بە ڕاهێنان و چالاکی پیتەکان بە قوتابیان بناسێنێ

**سەرەتا :** پێیان ئەڵێین سمۆرەکەمان پیتی (د ) مان پێدەناسێنێ ڕۆشتووە بۆ شاری

( ئامەد ) ئامەد شارێکی باکوری کوردەجێ (کوردستان)ە، زمانی ئاخافتنیان کوردییە و شێوەزاری کرمانجیی سەرووە .

ئامەد پیتی (د ) تێدایە .

ئامەد شارێکی گەورە و گرنگی کوردانە و مێژوویەکی دوور و دێرینی هەس.

هەندێک ڕوونکردنەوەیان پێبدرێت و باسی زمانیان بۆ بکرێت، باشترە ئاشنایی زمانەکەیان بکرێت و هەنێ پرسیاریان لەسەر زمان لێبکرێت و بیانخەیتە جوڵە و گفتوگۆ.

پێویستە ئێمەی مامۆستا چەند جارێک بە شێوەی دەنگیی دەربببڕین و بیوێژین بۆ ئەوەی قوتابی و خوێندەڤان بە باشیی گوێبیستی بن . باشتروایە دانە بە دانە بەشداری بە خوێندکاران بکەین بۆئەوەی بەدەم بیڵێن و فێری دەربڕینەکەی ببن و ئافەرینیان لێبکرێت .

خەت (هێڵ) ئەکێشم لەسەر تەختەڕەشەکە و فێری چۆنیەتی نوسینی پیتی ( د) یان ئەکەم , بۆئەوەی فێرببن و بزانن لە کوێوە دەست پێدەکات هەوڵ ئەیەم چەند جارێک بەبەر چاویانەوە بینوسم تا بەتەواوی لە مێشکیانا جێی خۆیی دەکاتەوە ، لەگەڵ نووسینەوەی پیتەکەدا بەردەوام پیتەکە ئەڵێینەوە.

**ڕاهێنانی ناو پۆل :**

١ : پێیان دەڵێم پاش نوسینی , ئێوەش لە هەوایا بۆم بنوسن دواتر لەو تەختەیەی بۆم دروست کردوون بە ماجیک بینوسن . بەشداری بە قوتابیەکان دەکەم و ئەوەی کە بەباشی نازانێ و ئاستی نزمترە دەستی ئەگرم تا بەباشی فێرئەبێت . دواتر لەو تەختەی بەردەمیان بینوسن .

**تێبینی :** تەختەی پۆلم بۆ دروست کردوون لە کاغەزی ئەی فۆڕ , کاغەزی ئەی فۆڕ هەردوو دیوەکەی بە خەت ئەکێشم چوار خەت بێت باشترە , پاشان کەپسی ئەکەین و ڕەق ئەبێت و زۆر باش و کاروەڕێکەرە سوک و ئاسانە بۆ هەڵگرتن لەجانتاکانیاندا وە ئاسانکارییەکی زۆر باشە بۆ مامۆستا، کات ئەگەڕێنێتەوە و خوێندکار حەزی لێیەتی و زۆر باشە بۆ دەست ڕاهاتن .

٢ : ناوی ئەو شتانەی پیتی (د) ی تێدایە : ( ئامەد , کوردەجێ، دار , دەروازە , دوور , دوو , دکتۆر , دەربەندیخان , دەوەن , دونیا , دەم , دۆ، دەنگ، داس، ) .. هتد

گێڕانەوەی  چیرۆک ئەم هەنگاوەیان زۆر باش و کاریگەرترە بۆ فێر بوون مامۆستای بەڕێز خۆی دەتوانێ چیرۆکیان بۆ دروست بکا , من خۆم بەوە ئەو پیتەم پێ ئاشناکردوون کە زیاتر لە دەنوکی باڵندە و جوجەڵە و دەمی مشک دەچێت, وە لە پاشان لەسەر  تەختەکە  یان لەسەر وەرەقەیەک بۆیان دروست ئەکەم  لەم هەنگاوەدا وا باشترە پیتەکەمان بشوبهێنین  بە شتیکی بەرجەستە بۆ ئەوەی باشتر فێر ببن و بیریان نەچێت وایان لێبکەین بە تامەزرۆییەوە دابنیشن و گوێ رابگرن  ئەگەر بتوانین بەشداری بەخۆیان بکەین باشترە بۆ فێربونی پیتەکە و زیاتر لە مێشکیان دەمێنێتەوە .

**ئەرکی ماڵەوە :**

– لە تیانوسەکەیاندا پیتە نوێیەکە بەم شێوەیە دەنوسین :

د د د

سێ جار ( د ) دەنوسین و ئەوانیش تا خوارەوە  یان تا ناوەڕاست دەینوسن  .

**چالاکی ناو پۆل** : چالاکییەکانی کتێبەکە شیکار ئەکەین پێویستە مامۆستای  بەڕێز لە پۆلدا بە یارمەتی قوتابیان چالاکییەکان شیکاربکات و بەشدارییان پێبکات  بۆئەوەی  ئاستی قوتابیان بزانێت  و ئەوانەی کە بەباشی  فێرنەبوون فێربن ، بێ ئەوەی جیاکاریی لە نێوان خوێندکاری توانادار و کەم توانادا بکات.

چالاکییەکان ئەوەی کە پێویستە بەجوانی لەسەر تەختە بنوسرێ و بکێشرێ بۆئەوەی سەرنجی قوتابیان بۆ لای خۆی ڕابکێشێت  .

دوای تەواوکردنی پیتێک مامۆستا ئەتوانێ فێری هەندێ شتیان بکات ئەوەی کە خۆی دەیەوێ، ئامۆژگاری , گفتوگۆ , ڕێزگرتن لە ڕایی بەرانبەر و تاد..

**تێبینی :** لە کاتێکا پیتێک تەواو ئەکەین  و ئەچینە سەر پیتێکی نوێ بیریان بخەینەوە بۆ ئەوەی

لێیان تێکەڵ نەبێت  و بەباشی لە مێشکیاندا بچەسپێت .

**تێبینی** :  دەکرێت مامۆستا بەشێوەی یاری جۆراوجۆر فێری پیتە نوێیەکەیان بکا , هەموو جۆرە یارییەک  ئەوەی کە بۆ پۆل گونجاوە  پێشبڕکێ بێت  دروست کردنی گروپ بێت ..هتد

**وانەی دووەم**

**کتێبی سمۆرەکە**

**پیتی (ر) دار**

**ناساندنی پیت :**

**سەرەتا :** ئامادەیان ئەکەین بۆ وەرگرتنی پیتێکی نوێی زمانی شیرینی کوردی , پێیان ئەڵێم پێتان چۆنە ئەمڕۆ سمۆرەی هاوڕێمان پیتێکی نوێتان پێبناسێنێ ؟ بزانین سمۆرە گیان چووە بۆ کوێ و چی ئەکات ؟

چووە بۆ لای دارێک و وەستاوە , کێ ئەزانێ بۆ چووە بۆ لای دار ؟

پرسیاریان لێبکرێ زۆر باشە بۆئەوەی مێشکیان بجولێت و بزانن وەڵامی پرسیار بدەنەوە .

وێنەکەیان پیشان ئەدەم (کارتەکان ئەوەی کە بۆ ئەو پیتە دانراوە هەر قوتابخانەیەک پێویستە هەیبێت و بۆی دابین کرابێ) دواتر باسی وێنەکەیان بۆ بکرێ پێیان بڵێین و پرسیاریان لێبکەین بزانین چی ئەبینین لە وێنەکەدا

دار _ سمۆرە _ ڕەنگەکان لە پیتی ر

شێوەزار، شێوەزار وشەیەکی لێکدراوی کوردییە کە پێکهاتووە لە دوو واژەی شێوە و زار، واتە یەکێک لە زارەکانی ناو زمان.

بۆ نموونە: زمانی کوردی، خاوەنی چوار شێوەزارە، ئەوانیش (کوردیی سەروو، کوردیی ناوەندیی، کوردیی خواروو، گۆران).

شێوەزار پیتی (ر)ی تێدایە

**ڕاهێنانی ناو پۆل ١:** ناوی هەندێ لەو شتانەی پیتەکەی تێدا یە: ( دارا , دار , زاگرۆس، تۆرۆس، دەرگا , دیوار , سمۆرە , ئارام , ئارش , پەردە ,پەرژین ) .. هتد

لەسەر بۆردەکە بەجوانی خەت (هێڵ) ئەکێشین بە ماجیکی ڕەنگاو ڕەنگ فێری چۆنیەتیی نوسینی پیتەکەیان ئەکەم, پێیان ئەڵێم هەموو سێری دەستم بکەن , ئەتوا نین بە قوتابیانیش بڵێین لەسەر دەفتەری وێنە بیکێشن و ڕەنگی بکەن ئاوا زیاتر حەزیان لە وانەکە ئەبێت و زیاتر چێژی لێ ئەبینن .

دواتر هەوڵەدەم ناوەکانی کە پیتەکەیان تێدایە بکەینە باسی گفتوگۆکەمان و قوتابییەکانیش پرسیارەکانیان بکەن، بۆ نموونە: زنجیرەچیای زاگرۆس و تۆرۆس ئەکەونە کوێی وڵاتی کوردەجێوە (کوردستان)ەوە ؟

**ڕاهێنانی ناو پۆل٢ :** دوای چۆنیەتیی نوسینی پیتەکە و ڕەنگکردنی لەلایەن قوتابیان ئینجا چیرۆکەکەی دەگێڕینەوە . چیرۆکی (ر) ئێوەش خۆتان بە دڵی خۆتان ئەوەی ئەیزانن پێیان بڵێن و بۆیانبگێڕنەوە گرنگ ئەوەیە پیتەکە بشوبهێنن (لێکی بدەین) بەوەی کەلە شێوەدا لەو دەچێ .

پێیان دەڵێم  ڕۆژێک ئەبێ منداڵێکی چاوگەشی جوانی وەک ئێوە  ناوی (دیار) ئەبێت , زۆر حەزی لە خلیسکێنە ئەبێت بۆیە زۆربەی کات لەگەڵ دایکی دەچێت بۆ باخچەکەی نزیک ماڵی خۆیان بۆ خلیسکێنە کردن بەڵام کاتێک دیار لەسەر خلیسکێنەکەوە بەرەو خوار دێت

دەڵێت :



ر ر ر

ئەوەندە بە قوتابییەکانی دەڵێمەوە تا فێری دەنگی (ر) دەبن پاشان پێیان دەڵێم حەزدەکەن بنوسم (ر) هەر لە خلیسکێنەکەش دەچێت .

کەواتە خلیسکێنەکە ناو دەنێین (ر) یان پێی دەڵێین پیتی خلیسکێنەکە هەتا جوان لە میشکیانا وێنای بۆ دەکەن و بیریان ناچێتەوە .

راهینانی ناو پۆل /  دوای گێڕانەوەی چیرۆکەکە بەشداری بە قوتابیان دەکەم دوو دوو یان سێ سێ لەسەر تەختە گەورەکە پیتی ( ر) بنوسن لەسەر هێل  بۆ ئەوەی فێربن ڕێک بنوسن و ڕێنوسیان جوان بێ .

**ئەرکی ماڵەوە :**  نوسینی پیتی (ر) بەم شێوەیە لە تیانوسەکانیاندا:

ر ر ر

دوای ئەو هەنگاوانە لە پیتی ( ر ) باسی پیتی بزوێنی درێژ و بزوێنی کورت  ئەکەین , کە کاریان بەرزکردنەوە و نزمکردنەوەی زۆربەی پیتەکانی زمانی کوردییە .

بزوێنی درێژ (ا) لە زمانی کوردییدا گرنگییەکی زۆر گەورەیی هەیە و کارێکی یەکجار گەورە ئەکا ئەویش بەرزکرنەوەی زۆربەی پیتەکانە دەچێتە سەر هەموو پیتەکان جگە لە  پیتی(ۆ , ێ) بەم شێوەیە:

لە سەرەتادا فێری چۆنیەتی نوسینی پیتەکەیان دەکەین کە هێڵێکی ڕێکە وەک ژمارە  یەکیی بیرکارییە ,پیتەکان بەرزئەکاتەوە بەم شێوەیە : ( د ) دەکا بە  (دا ) ,( ر) دەکا بە (را ) .

دواتر بزوێنی کورت (ە) لە زمانی کوردییدا بزوێنی کورتیش وەک بزوێنی درێژ گرنگییەکی زۆری هەیە , کە کارەکەی نزمکردنەوەی زۆربەی پیتەکانی زمانی کوردییە دەچێتە سەر هەموو پیتەکان جگە لە پیتی (ۆ , ێ)  شێوەی لە ژمارە پێنجی بیرکاری دەچێت  یان وەک کولێرە و سەمون خڕە

بەم شێوەیە :  (د) دەکا بە ( دە ) ,( ر) دەکا بە (رە )

**٢:** له تیانوسەکانیاندا بەم شێوەیە بنوسرێ :

ر　　　　را　　　　ره

د　　　　دا　　　　ده



دواتر ئەو وشانەی لەم پیتانە پێکهاتوون ئەیان نوسین و ئەرکی مامۆستا قورستر ئەبێ بە هاتنی بزوێنی درێژ و بزوێنی کورت چونکە دەبێت فێری حونجەکردن و خوێندنەوەیان بکا

ئێستا ناوی (دارا )چۆن وا لە قوتابیان بکەین بزانن بیخوێننەوە و حونجە بکەن

لە پێشدا پیتەکە دەنوسین (د ) دواتر لەگەڵ بزوێنی درێژ دەبێ بە (دا ) ئەمە چەندین جار دەبێ بوترێتەوە بۆ ئەوەی بەباشی لە مێشکیاندا بچەسپێت بزوێنی درێژ بچێتە سەر پیتەکان بەرزیان ئەکاتەوە :

د ___ بزوێنی درێژ دەبێ بە ___ دا

ر___ بزوێنی درێژ دەبێ بە___ را

پێکەوە دەبێت بە ___دارا

وشەی دار

د ، ا ، ر = دار

د ،ا ، ر، ا = دارا

**تێبینی**: پێویستە مامۆستا زۆر گرنگی بە حونجەکردن و خوێندنەوە بدات، هەر پیتێک کە تەواو دەکرێت لەمەودووا فێری ئەوە بکرێت پیتەکان بخاتە پاڵ یەکتر و بیان خوێنێتەوە و وشە دروست بکا , دواتر لە تیانوسەکانیاندا دوای هەر پیتێکی نوێ ئینجا لەگەڵ بزوێنی درێژ و بزوێنی کورت دوو وشە بنوسرێ زۆر باشە .

بۆ نمونە دوای　　د　　د　　د

د　　دا　　ده

ر　　ر　　ر

ر　　را　　ره

**ئەرکی ماڵەوە** : لە هەر پەرەیەک ئینجا وشە بنوسرێ دوو وشە

دادە　　　　دار

١: شیکارکردنی چالاکییەکانی پیتی (ر) کە بزوێنی درێژ و بزوێنی کورتیشی لەگەڵدایە لە چالاکییەکاندا واتە وانەی دووەم کە پیتی ( ر )

* بیرخستنەوەی پیتە خوێندراوەکان (د , ر , ا , ە )

**٢** : دوای تەواوبوونی ئەم پیتەمان ئێستا چوار پیتمان خوێندووە و دەتوانین وشەی پێ دروست بکەین ڕاهێنانیان پێدەکەم و پێیان دەڵێم دەفتەرێکی تایبەتی بۆ ئیملا و ڕاهێنان دابنێن و بەباشی ئامادەیان دەکەم. باسی ئەوەیش ئەکەین کە پیتی (ر) لە وشەی دەفتەردا کەوتۆتە کوێوە.



لە پارچە کاغەزێک دەینوسم و لێیئەگرمەوە (ئیستینساخ)، دابەشی دەکەم بەسەر قوتابیاندا بۆ ئەوەی پیشانی ماڵەوەی بدەن و بزانن و هەوڵیان لەگەڵ بدەن ئەوەیش وشەکان : ( دادە , دار , دارا )

## وانەی سێیەم

## کتێبی سمۆرەکە

## پیتی ( ز)  مۆز



**ناساندنی پیت  :**

**سەرەتا :** لە کتێبەکەدا کێ  ئەزانێ بۆچی سمۆرەکەمان  مۆز دەخوات ؟

ئەکرێ پێش ناساندنی پیتەکە باسی سود و گرنگی میوەی مۆز بکەین و لایان خۆشەویست بکەین بۆئەوەی ببنە هاوڕێی میوە کان .

باشتر وایە سمۆرەکە و مۆز ببەینە ژوورەوە زۆر باشتر ئەبێ  بە کردەیی شتەکان ببینن .

ووتنی پیتە نوێیەکەمان بەشێوەی دەنگی بە چەندین جار دووبارەکردنەوەی  دانە بە دانە , ئەوانیش بیڵێنەوە باشترە چونکە هەندێ کات منداڵ لەو تەمەنەدا ناتوانێ دەریان ببڕێ یان پیتێک ئەکەن بە پیتێکی تر .

دوای ووتنەوەی بەشێوەی دەنگ لەسەر تەختەکە فێری چۆنیەتی نوسینی پیتەکەیان بکرێ لەسەر هێڵێکی ڕێک  پیتی ( ز ) بنوسرێ دواتر بە بزوێنی درێژ و بزوێنی کورتیشەوە بەم شێوەیە :

ز ____    زا____   زە

چەند جارێک لەگەڵ قوتابیان بیڵێینەوە بە زمانی جەستەوە، مامۆستا پێویستە زۆر گرنگی بە زمانی جەستە بدات بۆ نمونە : (ز )  کاتێک بزوێنی درێژ وەردەگرێت بەرەو سەرەوە دەست بەرز بکاتەوە , لە کاتێکدا بزوێنی کورت وەردەگرێت  دەست بەرەو خوارەوە  بهێنێتەوە یان دایبگرێتەوە .

من وەک خۆم پیتەکەیان بە گەورەیی بۆ دروست ئەکەم و لێکی ئەچوێنم بە بەشتێکی بەرجەستە، بۆ نمونە: ئەڵێم پیتی (ز ) وەک مۆز  وایە و لەو ئەچێ .  مامۆستا وێنەیان پێ بکێشێ باشترە  هەم فێری بەکارهێنانی ڕەنگەکان ئەبن هەمیش ئارەزوویان بۆ وانەکە زیاتر ئەبێ .

یان ئەتوانن لە ماڵەوە  وێنەی بکێشن بە یارمەتی دایک وباوکیان  و بیهێنن بۆ پۆلەکەیان

**ڕاهێنانی ناو پۆل** ١:  لەم هەنگاوەدا بە قوتابییەکان بوترێ لە هەوایا بینوسن  بەم جۆرە :

ز  ,  زا , زە .

دواتریش لەو تەختەی کەلەبەردەستیانایە بینوسن .

**٢** :  ناوی ئەو شت و شوێنانەی کە پیتەکەی تێدایە (ئازادی، سەرزەمین، زارا , مۆز , زەرد , زۆر , سەوز , زۆپا , دەروازە، زەنگ، زانین ) .. هتد

گێڕانەوەی چیرۆکەکەی کەوتووەتەوە سەر ویست و توانایی مامۆستا چۆن دایئەڕێژێتەوە .

بەجوانی لەسەر تەختەکە ئەینوسمەوە بە ماجیکی ڕەنگاو ڕەنگ (پێویستە مامۆستا هۆیەکانی ڕوونکردنەوە زۆر بەکاربهێنێت) منداڵ هەم بتوانێ دەستی لێبدا و هەمیش ببینێ

**راهینانی ناو پۆل** : دوو دوو یان سێ سێ هەڵیان ئەسێنم بۆ ئەوەی لەسەر تەختەکە بینوسن (ڕاهێنان و ئیملای سەر تەختە)



**ئەرکی ماڵەوە** :

١ : پێدانی ئەرکی ماڵەوە نوسینی پیتە نوێیەکە لە تیانوسەکانیاندا بەم شێوەیە :

ز زا زە

٢: ڕۆژی دواتر دوو وشە لە تیانوسەکانیان بنوسرێ ئەوانیش تا ناوەڕاست یان تا کۆتایی بینوسن

**تێبینی** : ئەبێت کاتێ ئەو ووشانە ئەنوسرێ تەنیا ئەو پیتانە بەکاربهێنرێ لەو وشانە کە خوێندراون

وەک : زەرد زارا

**چالاکی ناو پۆل** : شیکارکردنی چالاکییەکانی پیتی ( ز ) لەگەڵ قوتابیان لە پۆلدا .

دوایی تەواو بوونی پیتی (ز) ئەو وانەیە بۆ حونجەکردن تەرخان بکرێ و گرنگی پێبدرێ

ووشە لەو پیتانە دروست بکرێ کە فێرکراون و خوێندراون (د , ر , ە , ا , ز)

ئەم وشانەیان بۆ دەنوسم لەسەر پارچە کاغەزێک دابەشی دەکەم بەسەریانا بۆئەوەی سەعی (کۆشش) ی تێدابکەن بۆ ڕۆژی دواتر ڕاهێنان و ئیملایان دەکەم (زەرد , زارا )

پاشان نمونەیەک ئەهێنمەوە و ئەیکەمە پرسیار بۆ قوتابیان و دەپرسم: کێ لە ئێوە مامۆستا زارای محەمەدی ئەناسێت؟

ئەم نمونە و پرسیارە ئەکەمە باسی گفتوگۆیەکی کوردانە و منداڵانە و قوتابییانە.

## وانەی چوارەم

## کتیبی سمۆرەکە

## پیتی (و) چاو



**ناساندنی پیت :**

سڵاوێکی گەرمیان لێ ئەکەم و چەند چالاکییەکی ڕۆژانەیان پێ ئەکەم و هەنێ وەرزشی خێرا و سەرپێیی.

پێیان ئەڵێم ئەمڕۆ پیتێکی نوێ ئەخوێنین، سمۆرە گیان پیتی (و) مان پێئەناسێنێ و فێرمان ئەکا , فلاش کارتەکان لەگەڵ خۆم ئەبەم و پیشانیان ئەیەم ئەو شتانەی پیتە نوێیەکەی تێدایە لەوانە (چاو ) پرسیاریان لێئەکەم لەسەر گرنگیی چاو بۆ ئەوەی ئەوانیش گفتوگۆ بکەن و قسە بکەن بەباشی گوێیان لێ ئەگرم . دواتر خۆم بەجوانی و بەباشی باسی گرنگیی چاو و پاراستنی چاویان بۆ ئەکەم بۆ ئەو نیعمەتەی خوای گەورە پێی بەخشیوین ئامۆژگاری و کەم کردنەوەی هەموو ئەو شتانەی زیان بە چاوەکانمان ئەگەیەنێ و وەرگرتنی ڕاوتێگەیشتنی ئەوان.

لەم هەنگاوەدا لەسەر هێڵ بە ماجیکی ڕەنگاو ڕەنگ فێری چۆنیەتی نوسینی پیتە نوێیەکەیان ئەکەم و خۆم چەند جارێک ئەیڵێمەوە و دواتر پێیان ئەڵێم ئێوەش دووبارەی بکەنەوە دوای ووتنەوەی چەند جارەی پیتە نوێیەکە ، بەرز و نزمی ئەکەینەوە بە بزوێنی درێژ و بزوێنی کورت :

بەم شێوەیە : و ــــــ وا ــــــ وە ، جارێکیتر وــــــ وا ــــــوە

**ڕاهێنانی ناو پۆل ١ :** بەشداریی بە قوتابیان ئەکەم بۆ ئەوەی هەریەکەیان شتێ بڵێن کە ( و ) تێدابێ , (داو , چاو , واشە , شەو , وریا , کوردانە, کوڕ , قوتابخانە , گوڵ , سەوز , دەشوات، ورچ ) .. هتد

نوسین و کێشانی لەو تەختەی کە پێیانە

**ڕاهێنانی ناو پۆل٢ :** گێڕانەوەی چیرۆکەکەی , دوو دوو هەڵیان ئەسێنم بۆئەوەی لەسەر تەختە گەورەکە بینووسن

**ئەرکی ماڵەوە :**

١: نووسینی پیتی ( و) بەم شێوەیە لە تیانووسەکانیاندا بۆ ئەوەی بینووسنەوە.

و وا وە

٢:  نوسینی  دوو وشە لە تیانووسەکانیان :

دەروازە                                                        وەرە



**چالاکی ناو پۆل** ٣:   شیکارکردنی چالاکییەکانی کتێبە کەپیتی (و) ی تێدایە

هەندێ  لە چالاکییەکان نووسینەوەیە بۆ دەست ڕاهاتنی قوتابیان , هەندێکی تریشی پێویستە بەشداریان پێ بکرێ بۆ سەر تەختەکە  بۆ حونجەکردن و نوسینیان  بۆئەوەی ئاستی قوتابیان بزانرێ و ئەوەی لاوازە زیاتر گرنگی پێبدرێ  .

دوای تەواو بوونی ئەو پیتەش کە پیتی  (و) بوو , حونجەکردن و خوێندنەوەیان پێویستە زۆر زۆر گرنگی پێبدرێ و مامۆستا بەڕاستی خۆی ماندوو بکات  .

ئیملاکردنی ئەو وشانەی پیتی ( و) ی تێدایە  ( دەرەوە , وەرە , دەروازە).

**تێبینی :** پێویستە قوتابی  ئەو وشانەی  کەلەم پیتانە پێکدێت (د , ر , ز , ە , ا , و) کە فێرکراوە و خوێندویەتی  بەباشی بزانێ و بیانخوێنێتەوە و حونجەیان بکات  باسی زۆرینەی قوتابیان ئەکەین ئەوانەشی کە ئاستی تێگەشتنیان کەمتر و لاوازترە وردە وردە باش ئەبن بە پشتیوانی خوا و هەوڵی دڵسۆزانەی مامۆستاکانی و دایبابی بەڕێز.

**وانەی پێنجەم**

**کتیبی سمۆرەکە**

**پیتی ( ڕ) مەڕ**



**ناساندنی پیت :**

بۆ پیتی (ڕ ) لە کتێبەکەدا (مەڕ) ی تێدایە , پێیان ئەڵێم ئەمڕۆ پیتێکی تر ئەخوێنین و فێر ئەبین ئەویش پیتی (ڕ ) سمۆرەی ژیکەڵە و جوان باسی (مەڕ) مان بۆ دەکات بابەجوانی گوێی لێ بگرین

**مەڕ** : ئاژەڵێکی گیا خۆرە , ئاژەڵێکە پێویستی بە چاودێریی مرۆڤە و گۆشت و شیرەکەی ئەخورێت وە سود لە پێستەکەیی و خورییەکەی وەرئەگیرێت پاشان پیتی (ڕ ) یشی تێدایە .

هەنگاوی یەکەم / بەشێوەی دەنگی چەند جارێک ئەیڵێمەوە دواتر لەسەر بۆردەکە بەجوانی بۆیان ئەنوسم و پێیان ئەڵێم جوان سێری دەستم بکەن بۆئەوەی فێری چۆنیەتیی نوسینی بن هەمووماں پێکەوە ئەیڵێینەوە تا بەجوانی وەک خۆی بیڵێن و تێکەڵی نەکەن .

پێیشیان ئەڵێم کە ئەم پیتە وەک (ر , ز) وایە بەڵام ئەم لە وتنا پیتێکی قورس و گڕە و شێوەی وەک ئەوانە بەڵام ژمارە حەوتێکی بچکۆلەی بیرکاریی لە ژێر دایە .

هەنگاوی دووەم / لەم هەنگاوەدا خۆم پیتەکەیان بە گەورەیی و بە ڕەنگاو ڕەنگی بۆ دروست ئەکەم پێیان ئەڵێم یەلا ئێوەش دروستی بکەنەوە و بەدڵی خۆتان ڕەنگی بکەن , پێم وابێ هەنگاوێکی زۆر باش بێ زیاتر حەز لەوانەکە ئەکەن و چێژی لێ ئەبینن و فێری پیتەکە و بەکارهێنانی ڕەنگەکانیش ئەبن .

**ڕاهێنانی ناو پۆل** ١: ناوی ئەو شتانەی پیتی (ڕ) ی تێدایە : ( ڕەوەز , ڕەیان , مەڕ , ڕۆژ , مەڕۆ , ڕەش , ڕێگا , ڕەنگ , ڕازاو , ڕۆشت , بڕیار, ڕامان, ڕاپەڕین ) ..هتد.

مامۆستا ئەتوانێ پێیان بڵێ لە ماڵەوەش بیر بکەنەوە و هەوڵبدەن ئەو شتانەی پیتە نوێیەکەی تێدایە بۆم بهنن و ئەوانیش لە پۆلدا بیڵێن

**ڕاهێنانی ناو پۆل**٢ : دوو دوو یان سێ سێ هەڵیان ئەسێنم بۆ سەر بۆردە گەورەکە بۆئەوەی بینوسن وەک ئیملای سەر تەختە .

**ئەرکی ماڵەوە ١** : نوسینی پیتی (ڕ) لە تیانوسەکانیاندا بەم شێوەیە :

ڕ ڕا ڕە

**٢**: نوسینی دوو وشە لە تیانوسەکانیاندا :

ڕاز ڕەوەز

گێڕانەوەی چیرۆکەکەی ئەوەی کە خۆتان یان خۆمان پێمان گونجاو بێت و بەباشی بزانین .

**چالاکی ناو پۆل :**



شیکارکردنی چالاکییەکانی پیتی (ڕ) لە کتێبی سمۆرەکەیا

ئیملاکردنی ئەم وشانە (ڕاز , دەروازە , ڕەوەز , ڕەوا )

**تێبینی :** دوای تەواوبوونی هەر پیتێک وانەیەک تەرخان ئەکەم بۆ هەڵوەشاندنەوەی ووشە

بۆ ئەوەی بزانن لە چەند پیت پێکهاتووە پاشان بیشیخوێننەوە

نمونە :

و , ە , ر , ە = وەرە

د , ە , ر , و , ا , ز , ە = دەروازە

ڕ, ا , ز = ڕاز

د, ە , ر , ە , و , ە = دەرەوە

دوای پیتی (ڕ) لە کتێبەکەدا پەڕەی 50 – 51 باسی ئاکارێکی جوان دەکا کە پێویستە مامۆستا گرنگیی بەم جۆرە ئاکارانە بدات بۆ ئەوەی قوتابی بەم ئاکارە جوانانەش ئاشنا ببێت و لە پۆلدا بەس پیت و وشە و ئەوانە نەخوێنرێت بەڵکو پەروەردەش بکرێن .

گفتوگۆکەمان لە نێوان سمۆرەی جوان و زارای گوڵدایە , سمۆرەکەمان لەسەر دارێکە و گوێزێکی پێیە زاراش بە تەنیشتیا تێپەڕ ئەبێت , بزانین سمۆرەی خنجیلە چی بە زارای هاوڕێی ئەڵێت :

سمۆرە : زارا، گوێز دەخۆی ؟

زارا : بەڵێ , بەڵێ

سمۆرە : فەرموو

زارا : سوپاس

سمۆرە : شایانی نییە

لەم گفتوگۆیەدا مەبەستمانە قوتابیان فێربکەین کاتێک خواردنێک یان شیرینییەک یان هەر شتێکی تر بێت هەر خۆمان نەیخۆین بەبەر چاوی هاوڕێکانمانەوە ئەی چیبکەین ؟پێویستە لەو کاتانەیدا فەرموو لەوانیش بکەین و بەشیان بدەین و پێکەوە بیخۆین , کاتێک کەسێک شتێکی پێیاین ئەبێت پڕ بە دڵ سوپاسی بکەین و ئێمەش وەک ئەوبین

## وانەی شەشەم

## کتێبی سمۆرەکە

## پیتی ( ۆ) دۆ

**ناساندنی پیت** : وێنەی سمۆرەی تێدایە ، دۆ دەخواتەوە وێنەکەیان پیشان دەدەم باسی مەشکەیان

بۆ دەکەم ، دۆ لە چی دروست دەکرێت و دێتە بەرهەم .

وە هەندێ شتی تریان پێدەڵێم کە پیتە نوێیوکەی تێدایە بۆ نمونە (دۆ , پۆل , ڕۆکان , ڕۆزە , ڕۆژ , ڕۆن زۆر , گۆرانی، نەورۆز ) ...هتد

ئەوانیش ئەتوانن لە ماڵەوە وشە بدۆزنەوە کە پیتە نوێکەی تێدایە بۆ ڕۆژی دواتر بیهێنن بۆ قوتابخانە دەبێت بە چالاکییەکیش بۆ قوتابیان

لە پیتی (ۆ) لە پێشدا قوتابیان ئامادە دەکەم بۆ وەرگرتنی پیتێکی نوێ , پێیان دەڵێم پێتان چۆنە ئەمڕۆ پیتێکی نوێ و جوان بخوێنین و فێربین , خۆم چەند جارێک بە شێوەی دەنگی دەیڵێم دواتر پیتی (ۆ) یان پیشان ئەیەم بۆ ئەوەی ببینن و دەستی لێ بدەن .

**تێبینی :** هەموو پیتەکان لە بازاڕ و دوکانی پەڕاوگەکان هەیە و بەردەستە ئەگەر مامۆستا هەوڵ بدات بیکڕێت و هەیبێت باشترە بۆ قوتابی ئەبێت بە هۆیەکی ڕوونکردنەوەی باش .

کە پیتەکەم پیشاندان و دانە دانە دەستیان لێیا دواتر لەسەر تەختەکە بە ماجیکی ڕەنگاو ڕەنگ بۆیان دەنوسم لەسەر خەت , پێیان ئەڵێم هەروەک (و) ە کەی پێشترە بەڵام قاپێکی بەسەرەوەیە

لە پیتی (ۆ) باسی خواردنەوەی (دۆ) یان بۆ دەکەم , پرسیاریان لێ ئەکەم کێ حەزی لە دۆیە ؟ لە چی دروست دەکرێ ؟ وە چۆن دروست دەکرێ ؟ ئەمەش دەبێتە گفتوگۆ کە بۆ خوێندکاری سەرەتایی زۆر گرنگە.

ئەگەر مامۆستا بتوانێ (دۆ) لەگەڵ خۆی ببات بۆ پۆل باشترە دواتر بۆیان باس بکا و پێکەوە بیشیخۆنەوە .

**ڕاهێنانی ناو پۆل** ١ : گێڕانەوەی چیرۆکەکەی بۆ قوتابیان بۆ ئەوەی وێنایەکی جوان و باش لە مێشکیاندا دروست ببێت و بیریان نەچێتەوە . ئەو شت و شوێنانەی پیتە نوێیەکەمانی تێدایە (زۆر , ڕۆژ , دۆ , خۆر, گۆڵ , ڕۆزە , سمۆرە، هۆکار، هۆز) .هتد.

٢ : کە فێری نوسینی پیتەکە بوون، دواتر پێیان ئەڵێم پیتی (ۆ) جیاوازترە لە پیتەکانی پێشوتر کە خوێندمان ئەم پیتە نوێیەمان بە نازە و پیتی بزوێنی کورت و درێژ وەرناگرێت هەر خۆی تەنیاییە و کێشەی نییە .

ئەگەر بێت و بۆی بکەین هەڵەیە و لە زمانی کوردیدا شتی وانییە بەم شێوەیە :

ۆ = ۆا

ۆ = ۆە

ئەوە هەڵەیە و هەڵەیەکی گەورەیە چاو گەشەکانم , پێیان دەڵێم لە هەوایا بۆم بنوسن ئینجا لەو تەختەی لە بەردەستانایە .

**ئەرکی ماڵەوە** : نوسینی پیتە نوێیەکە لە تیانوسەکانیاندا (دەفتەرەکانیاندا) بەم شێوەیە :



ۆ ۆ ۆ

**ڕاهێنانی ناو پۆل ٣** : دوو دوو هەڵیانەسێنم بۆئەوەی پیتە نوێیەکە بنوسن لەسەر تەختە گەورەکەی لای من وەک ئیملایەکی ڕۆژانەش وایە . جارجاریش هۆنراوەی کتێبەکانیشیان پێدەڵێمەوە و پێکەوە دووبارەیان دەکەینەوە

دوو وشەیان بۆ ئەنوسم لەو پیتانەی خوێندوویانە لە تیانوسەکانیاندا وەک ئەرکی ماڵەوە :

ڕۆزا دۆ

**چالاکی ناو پۆل** : شیکارکردنی چالاکییەکانی ناو کتێبەکە پێکەوە لەگەڵ قوتابییەکاندا , بەشداری بە قوتابیان دەکەم لەو چالاکییانەی ئەوانی پێویست بێت .

**تێبینی :** دوای تەواوکردنی پیتی (ۆ) ئیملای سەر دەفتەریان پێدەکەم لەو وشانەی کەلە کتێبەکەدا هەیە.

دوای ئیملاکردنی وشەکان بیرخستنەوەی هەموو ئەو پیتانەی خوێندوومانە پیتەکان ئەمانە بوون

(د , ر , ز , و , ڕ ,ە , 1, ۆ) .

**تێبینی :** دوای هەموو ئەمانەش دەبێت زۆر گرنگی بەحونجەکردن و خوێندنەوە بدرێت ئەو وشانەی لەم پیتانە دروست بوون بۆیان بنوسرێت و بەشێوەی یاریی و پێشبڕکێ پێیان بکرێ بۆئەوەی زیاتر حەزیان بۆ وانەکە و بابەتەکە بچێت , دیاریی و شتی بچکۆلەشیان بۆ بکڕدرێت زۆر باشترە ، چونکە هەم وانەکەیان لەلا خۆشەویست ئەبێت و هەم مەیلیشیان بۆ فێربوون زیاترەبێ.

## وانەی حەوتەم

## کتێبی سمۆرەکە

## پیتی (یـ , ی) نەی



**ناساندنی پیت :**

لەم وانەیەدا کە پیتی (ی) یە , حەوتەم پیتی کتێبەکەمانە و بەباشی با فێری نوسین و خوێندنەوەی ببین .

کتێبەکە بەرز ئەکەمەوە بۆ ئەوەی هەموویان سێری بکەن و ببینن , یان ئەو کارتانەی بە گەورەیی هەیە پێیان ئەڵێم سمۆرە گیان ئەمجارە ئامێری (نەی) بە دەستەوەیە بزانین بۆچی ؟

قوتابییە چاو گەشەکان، ئێوە ئەزانن ؟

پرسیار لە قوتابیان بکرێ و بەشداری بکەن باشترە بۆئەوەی فێری گفتوگۆببن

بەڵێ (نەی) بە دەستەوەیە

**نەی** : ئامێرێکی مۆسیقیی کۆنە و وەک شمشاڵ وایە , بە فوو کار ئەکا و دەنگێکی خۆشی هەیە، بۆ یەکەمجار کوردەکان ئەم ئامێرەیان دروستکردووە لە ڕووەکی نەیجە (قامیش، قەمیش) لە نەیجەڵان و قامیشەڵان یان قامیشەلان (لان واتە شوێن و خانە) وە ناوەکەیشی هەر لە نەیجەوە وەرگیراوە تۆزێ کورتتر. نەی، نەیجە.

بزانین بۆچی ( نەی ) هێناوە سمۆرەکەمان ,چونکە پیتی (ی) تێدایە

چەند جارێک پیتە نوێیەکە دەڵێمەوە و دەڵێم ئەوە (ی , یـ) و بەگەورەیی و جوانی بۆیان دەەنوسم لەسەر هێڵ لە لەسەر تەختەکە فێری ئاڕاستەی نوسینی پیتەکەیان دەکەم , هەموو قوتابیان بەشداری پێئەکەم بۆئەوەی بیڵێن و جوان دان بە پیتەکەیا بنێن ئەگەر زانیم قوتابییەک بە باشی بۆی نایەت زۆر هەوڵی لەگەڵ ئەیەم تا ڕادێت لەگەڵ ووتنی پیتەکەدا .

پێیان ئەڵێم پیتی (ی) دوو ناوی هەیە (ی) کۆتایی یان (ی) مراوی پێدەڵێین

وە پیتی (ی) لە ناوەڕاستی وشەیا دێت و بەم جۆرە دەنوسرێت (یـ) پێی دەوترێت (یـ) ناوڕاست یا

( یـ ) ناو وشە .پیتی (ی) مراوی یان (ی) کۆتایی ئەم جۆرەیان بزوێنی کورت و بزوێنی درێژ وەرناگرێت بەڵام ( یـ ) ناوەڕاست و ناو وشە وەریی دەگرێت کاتێک وەریدەگرێت بەم جۆرەیە :

یـ ا = یا

یـ ە = یە

با هەموومان پێکەوە بەرزی بکەینەوە ( یا ) با نزم یان کورتی بکەینەوە ( یە )

**تێبینی :** لە کاتی بەرزکردنەوە و نزمکردنەوەی پیتەکان زمانی ئاماژە و ئاوازێکی تایبەتی بۆ دابنرێ زۆر باشتر قوتابی وەریدەگرێت .

**راهێنانی ناو پۆل** ١ : پێیان دەڵێم یەکی وشەیەک یان ناوێک یان شتێکم پێبڵێن کە پیتە نوێیەکەی تێدایە (ی , یـ) بۆ نمونە ) نەی ,کۆبانی، مراوی , کورسی , مریشک , قوتابی , ماسی , کیسەڵ , یاری ) ... هتد

پرسیار لە قوتابیان بکرێت و ئەوان بیڵێن زۆر باشترە , پاشان گێڕانەوەی چیرۆکەکەی

لەم هەنگاوەدا بۆیەکانیان دەربهێنن و لە دەفتەر وێنەیا وێنەی بکێشن و ڕەنگی بکەن و دروستی بکەن خۆشتر و باشترە بۆ ئەوان وە دەبێت بە چالاکییەکیش بۆیان , دواتر لەسەر تەختەی بەردەمیشیان بینوسن .

**ئەرکی ماڵەوە** : پێدانی ئەرکی ماڵەوە لە تیانوسەکانیان بەم شێوەیە:(ی ) کۆتایی یان ناسراو

بە (ی) مراوی

ی ی ی

پەڕەی دواتر : (یـ ) سەرەتا یا ناوەڕاست یان ناو ووشە

یـ یا یە

**تێبینی** : چونکە پیتی (ی , یـ) دوو شێوەی هەیە یان بە دوو جۆر دەنوسرێت لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی لە تیانوسەکانیان دەبێت دوو جار بۆیان بنوسرێ بۆ ئەوەی بەباشی دەستیان ڕابێت و جیای بکەنەوە و بیناسنەوە .

**راهینانی ناو پۆل** ٢ : دوو دوو بەشداری بە قوتابیان دەکەم بۆئەوەی لەسەر تەختە ( بۆردەکە) بینوسن و فێری ڕێنوسێکی جوان و باش ببن . نوسینی دوو وشە لە ناو تیانوسەکانیاندا کە هەم

(ی ) مراوی و ( یـ ) ناوەڕاستیشی تێدابێت .

یاری دایە

٣ : کە لە هەموو پیتەکاندا هەنگاوی کۆتاییە شیکارکردنی چالاکییەکانی کتێبەکە

پێکەوە لەگەڵ قوتابی شیکاری دەکەین .

ڕۆژی دواتر ئیملاکردنی چەند وشەیەک لە تیانوسی ئیملایا

دوای تەواو بوونی پیتی (ی) پێم باشە ئیملاییان بکرێت و گرنگی پێبدرێ بۆئەوەی فێربن , بۆئەوەی

بێ کتێبەکەش بتوانن فێری نوسین بن و زیاتر پشت بە هەوڵ و ماندووبونەکانی خۆیان ببەستن .

ئەو وشانەی کەلە کتێبەکەدا هەیە بۆیان دیاری بکرێت بۆئەوەی لێیان تێکنەچێت و بیریان نەچێتەوە سەعی باشی تێدابکەن .



دوای تەواو بوونی ئەو پیتەش گرنگی بە خوێندنەوە و حونجە و بڕگە و هەڵوەشاندنەوەی وشە بدرێ بۆ پیت , بۆ زیاتر جوڵاندنی مێشکیان هەر وشەیەک لە چەند پیت پێکهاتووە .

هۆنراوەی یەک و دووی کتێبەکەیان بۆ بخوێنینەوە چەند جارێک بۆئەوەی فێربن و لەبەری بکەن

پێداچونەوە و دووبارەکردنەوەی هەموو پیتە خوێندراوەکان (د , ر , ز , و , ه , ا , ڕ , ی , یـ , ۆ)

هەڵیان دەسێنم بۆ سەر بۆردەکە و پێیان دەڵێم یەکی پیتێکم بۆ بنوسن و ناوەکەیشیم پێ بڵێن

چەند چالاکییەکی ڕۆژانە زۆر پێویستە پەروەردەیی و فێربوونیشی تێدایێت . بەشێوەی شانۆ، قوتابیان لە پۆلدا بەشدار بن تیایدا .

## وانەی هەشتەم

## کتێبی سمۆرەکە

## پیتی (ئـ) ئاو



**ناساندنی پیت :**

سڵاو و ڕۆژ باش کردن : ئاو لەگەڵ خۆم دەبەمە ژورەوە لەگەڵ فلاش کارتەکانی پیتی ( ئـ )

دەڵێم یەڵا با ئاو بخۆینەوە , ئایا چێژتان لێ بینی ؟ ئێمە بۆچی ئاو دەخۆینەوە ؟

ئایا ئاو سودی چییە ؟ ئەم پرسیارانە و پرسیاری تریش بۆ ئەوەی فێرببن وەڵامی کورت و پوخت بدەنەوە . پێیان دەڵێم پێتان چۆنە فێری پیتی ئاو ببین

یەڵا وەک گوڵ جوان بن و ئامادە بن باپێکەوە فێرببین چەند وەرزشێکی ڕۆژانە بە ژمارەکان و ڕۆژەکانی هەفتە دواتر پیتی نوێ .

هەنگاوی یەکەم / چەند جارێک بە شێوەی دەنگیی خۆم دەیڵێم بە شداری بە قوتابیان دەکەم بۆئەوەی بیڵێن و بەدەمیان ئاسانتربێت , ئەو شتانەیان پێدەڵێم کە پیتی (ئـ)ی تێدایە یان لە خۆیان دەپرسم بۆ ئەوەی بیڵێن ( ئاو , ئازادی , ئاگر , ئاڵا ,ئامانج، ئاسمان , ئارد , ئەو , ئەوان , ئازا , ئێوە ,ئاوێنە , ئاودان، ئاڤاهی، ئاڤان ) ...هتد . پیشاندانی فلاش کارتەکان.

**ڕاهێنانی ناو پۆل ١:** بەشێوەیەکی جوان پیتی (ئـ) لەسەر تەختەکە دەنوسم لەسەر هێڵ بە ماجیکی ڕەنگاو ڕەنگ , دەڵێم یەڵا بابەرزی بکەینەوە بە بزوێنی درێژ ( ئا) با نزمی بکەینەوە بە بزوێنی خڕ یان کورت (ئە) . هەرسێکیان چەندجارێک دەیڵێینەوە بەم شێوەیە : ئـ , ئا , ئە

پێویستە مامۆستای ئەلفبێ زۆر گرنگی بە جواننوسیی و ڕێکنوسیی بدات و خۆی هەموو پێداویستییەکانی فێربون و فێرکردن لەگەڵ خۆی ببات بۆئەوەی زۆرترین هەستەوەرەکانیان بەشداری فێربوون بکەن .

دوای ئەوەی فێری چۆنیەتی نوسینی پیتە نوێیەکەم کردن دەڵێم یەڵا ئێوەش جوان بیکێشن بە گەورەیی و ڕەنگی بکەن . دواتر لەو تەختەی بەردەستان و لە هەوایا بۆم بنوسن .

گێڕانەوەی چیرۆکەکەی بەشێوەیەکی پەروەردەیی و خەندە ئامێزبێت باشترە .

**ئەرکی ماڵەوە** ١: نوسینی پیتە نوێیەکەمان لە تیانوسەکانیاندا :

| | | |
|---|---|---|
| ئـ | ئا | ئە |

**ڕاهێنانی ناو پۆل** ٢: خۆم بەگەورەیی و بەجوانی لە سەرەوەی تەختەکە بۆیان ئەنوسم لەسەر هێڵ , تەختەکە لە ناوەڕاستەوە دەکەم بە دوو بەشەوە و دوو دوو بەشدارییان پێئەکەم بۆئەوەی بینوسنەوە و دەستیان ڕابێت.

٢ / ئەرکی ماڵەوە پێدانی دوو وشە لە پیتە خوێندراوەکان

ئاری ئەوە

تا خوارەوەی پەڕەکە یان تا ناوەڕاست بینوسن .



**ڕاهێنانی ناو پۆل** ٤: شیکارکردنی چالاکییەکانی ناو کتێبەکە کە پێکهاتووە لە نوسینەوەی پیتەکە و نوسینی وشە , پیتەکە دەدۆزیتەوە و دەیخەیتە بازنەوە , پیتێکی پەڕیوی وشەیەک دەنوسیت و دەیخوێنیتەوە , وشە بڕگە کردن و پاشان لە چەند پیت پێکهاتووە .

خوێندنەوەی بابەتی (دەریا ) هەر لە چالاکیی ناو کتێبەکەدا , خویندنەوەی ڕستە و پاشان نوسینەوەی وەک خۆی بە ڕێنوسێکی جوان .

ئیملاکردنی بابەتی (دەریا) کە پێکهاتووە لە وشە و ڕستە لەو پیتانەی خوێندوویانە .

**تێبینی :** پێویستە مامۆستا خۆی دانە بە دانە بچێ بۆلایان و بە قەڵەم(قەڕەم) ڕەساس بۆیان دیاری بکات بۆ ڕۆژی دواتر کە ئیملایانە چونکە منداڵ شتی بیرەچێ ئەو کات دایک و باوک یان کەسێکی ماڵەوە بیبینن هەوڵی لەگەڵ ئەیەن و باشتر خۆیان ئامادە دەکەن .

## وانەی نۆیەم

## کتێبی سمۆرەکە

## پیتی (نـ ,ن) نان

**ناساندنی پیت :**

وەک هەمیشە گرنگی ئەیەم بەو شتانەی پیتە نوێیەکەی تێدایە و هەوڵ ئەیەم لەگەڵ خۆم بیبەمە پۆل

ئەمڕۆ سمۆرە خنجیلانەکەمان نانی لایە و سێری ئەکا , وێنەکەیان پیشان ئەیەم باسی چۆنیەتی دروستکردنی نانیان بۆ ئەکەم و باسی گرنگییەکەی دەکەم

نانیان پیشان ئەیەم و پێکەوە دەیخۆین .

دەڵێم بۆیە نانم بۆ هێناون بۆئەوەی پیتێکی تر بخوێنین و پێکەوە لەگەڵ ئێوە ببێ بە هاوڕێ ئەو کات ئیتر زیاتر دەتوانن بنوسن و بخوێننەوە و فێری زمانی شیرینی دایکتان ببن کە زمانی شیرینی کوردییە .

یەڵا چاوگەشەکان ئێوە سێری دەمم بکەن بزانن چۆن دەیڵێم , چەندجارێک بەشێوەی دەنگیی دەیڵێم ئەوانیش بیڵێنەوە دانە بە دانە بە قوتابیان دووبارەی دەکەمەوە

پاشان لەسەر بۆردەکە دەینوسم لەسەر هێڵ بە ڕەنگاو ڕەنگی، ئەو پیتانەی خۆم کریومە لەگەڵ خۆم دەیبەم و پیشانیان ئەیەم و ئەیبیەم بە دەستیانەوە بۆئەوەی دەستی لێبەن , دەست لێدانیش هۆیەکە بۆ فێربوون چەنکە هەستی بەرکەوتن یەکێکە لە پێنج هەستەکە .

پێیان دەڵێم ئەمە پیتی (ن ) پیتی ن لە کۆتایدا دێت و لە سەرەتا و ناوەڕاستیشا دێت سەرەتا و ناوەڕاستی وشە مەبەستمە , کاتێک قاپەکەمان نەشکابوو واتە قاپێکی تەواو بێ ئەوە لە کۆتاییا ئەینوسین و هی کۆتاییە , ئەگەر بێت و (ن) قاپەکەی شکابوو ئەوە لە ناوەڕاست و سەرەتایا دێت .

بەجوانی فێری شێوازی نوسینی پیتەکەیان دەکەم

دواتر بە بزوێنی درێژ بەرزی دەکەینەوە دەبێت بە (نا) کورتی دەکەینەوە دەبێت بە (نە)

بەم شێوەیە : نـ نا نە

پێشوتریش ووتمان: بزوێنی درێژ و بزوێنی کورت ئیشیان بەرزکرنەوە و نزمکردنەوەی زۆربەی پیتەکانی زمانی کوردییە , هەموو کات ئەبێ ئەوە بۆ قوتابی دووبارە بکرێتەوە بۆئەوەی باش لە زەین و مێشکیانا بچەسپێ .

**ڕاهێنانی ناو پۆل١** : لە هەوایا هەموو پێکەوە دەینوسین و دواتر دەیکێشین , لە بۆردە بچوکەکەی بەردەمیان دەینوسنەوە دیسان پیتی (ن) بە بزوێنی درێژ و بزوێنی کورتەوە

**ڕاهێنانی ناو پۆل ٢** : دوو دوو لەسەر بۆردە گەورەکە پێیان دەنوسم و پاشان دەڵێم هەریەکێکتان ناوی شتێکم پێ بڵێن کە پیتی ( ن ) تێدابێت دواتر خۆیشم دەیڵێم وەک ( نان ، شانە , بازن , نەورۆز , ناو , نازە , قوتابخانە ,نانەوا نۆ , ئەژنۆ، خوێندەڤان ) ...هتد گێڕانەوەی چیرۆکەکەی

**ئەرکی ماڵەوە** ١ :  نوسینی پیتە نوێیەکە لە تیانوسەکانیاندا :

ن , نـ          نا          نە

بەڵام  دەتوانێ مامۆستا لەو کاتەیا بەیەک پەڕە بۆیان بنوسێ بۆئەوەی زۆرتر نەبێ لەسەر قوتابی و تاقەتیان هەبێ بینوسن و هەست بە بێزاریی نەکەن .



**چالاکی ناو پۆل** :  شیکارکردنی چالاکییەکانی کتێبی سمۆرەکە پێکەوە لەگەڵ قوتابییە گوڵەکان

دیاریکردن و ڕەشکردنەوەی ئەو شتانەی پیتە نوێیەکەی تێدایە , ئەگەر هەبێ هەموو فلاش کارتەکان بکرێ بە بۆردەکەوە و لە خوار وێنەکەوە لێی بنوسرێت و بازنەی بۆ بکشێشرێ و دواتر قوتابیان ڕەشی بکەنەوە زۆر باشتر دەبێت .

چالاکی دوای ئەوە بەس پیتی ( ن  , نـ) دەخەینە چەماوەیەکەوە لەسەر کتێبەکەش ئەبێ بینوسن و دیاری بکەن .

چلاکییەکانی کتێبەکە دەبێت زۆر گرنگی پێبدرێت و لەناو پۆلدا لەگەڵ قوتابی شیکاربکرێن نابێ قوتابی لەماڵەوە شیکاری بکات یان کەسێکی تر بۆی بکات دەبێت زیاتر پشت بە خۆی  ببەستێ و لەگەڵ مامۆستای  وانەدا بڕوات .

**ئەرکی ماڵەوە ٢**:  نوسینی  دوو وشە لە تیانوسەکانیاندا :

نەورۆز          نانەوا

باسێکی کورت لەسەر جەژن و بۆنەی نەورۆز کە جەژنی ڤەژینی کوردانە و بۆ کورد گیانێکی نوێیە.

ئیملاکردنی چەند  وشەیەک لە تیانوسی ئیملاکانیاندا

دوای تەواوکردنی  ئەو پیتەش زیاتر فێری بڕگە بڕگە کردن و هەڵوەشاندنەوەی  وشەیان دەکەم, چەند چالاکییەکی خوێندنەوە و حونجەکردنیانیشیان پێدەکەم بە شێوەی یاری و پێشبڕکێ .

**وانەی دەیەم**

**کتێبی سمۆرەکە**

**پیتی ( ژ ) ڕۆژ**



**ناساندنی پیت :**

بیرخستنەوەی پیتە خوێندراوەکان بە تایبەت ئەوانەی پەیوەندیی بە پیتە نوێیەکەمانەوە هەیە کە پیتی (ز , ڕ , ر) مەبەستمانە زیاتر باش بیياننناسن و تێکەڵی نەکەن

پیتی ئەمڕۆمان پیتێکی ئاسانە وە زۆر ئاسانە بۆ نوسینیش لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی وەک یەکە ئەویش پیتی (ژ) سمۆرەکەمان چووەتە بەر گەرمیی ڕۆژ و باسی گرنگیی ڕۆژمان بۆ ئەکات

منیش لەگەڵ خۆم مێوژ ئەبەم بۆ قوتابییەکانم و پێیان ئەڵێم چی پیتێکی تێدایە ؟ بۆ چی هێناومانە ؟

هەمووومان پێکەوە دەیخۆین و پرسیاریان لێ دەکەم بزانین مێوژ لەچی دروست دەکرێت ؟

ئەمە هەم ناسینی باشتری پیتەکەیە، هەم زانیاریی گشتیی بۆ قوتابی.

پیتەکانی هاوشێوەی دەنوسم (ز , ڕ , ر ) ئینجا ئەڵێم ئەمیش وەک ئەوانە بەڵام ئەم پیتە نوێیەمان سێ مێوژی بەسەرەوەیە .

یەڵا سێری دەستم بکەن با پێکەوە بەدەم بیڵێین و بە دەست بینوسین، بە جوانی بۆیان دەنوسم و چەند جارێک بەدەم دەیڵێمەوە , ئەوانیش بیڵێنەوە دەی گوڵەکان لە هەوا بۆم بنوسن

ئینجا با پێکەوە بەرزی بکەینەوە دەبێ بە چی ؟ ژا

با کورتی بکەینەوە و نزمی بکەینەوە دەبێ بە چی ؟ ژە

ژ ژا ژە

بە ئاوازەوە چەن جارێک بیڵێینەوە هەمووومان پێکەوە , ئەگەر قوری دەستکرد (سەناعە) هەبێت زۆر باشە چونکە بە ئاسانی پیتەکانی لێ دروست دەکرێت وە وەک یارییەکە بۆ قوتابییەکان .

گێڕانەوەی چیرۆکەکەی .

**ئەرکی ماڵەوە** : نوسینی پیتە نوییەکە لە تیانوسەکانیاندا بەم جۆرە

ژ ژا ژە

**ڕاهێنانی ناو پۆل** ١ :نوسینی لەسەر تەختەکە لەلایەن قوتابییانەوە ، دوو دوو بەشدارییان پێدەکەم وەک ڕاهێنان و ئیملای ڕۆژانەی سەر بۆرد (تەختە) .

**٢** : بزانین پیتی (ژ) لە چی شتێکدا هەیە دانە بە دانە بەشداریی بە قوتابیان دەکەم بۆئەوەی یەکی شتێک بڵێن ئەگەر ناوی خۆیشیان بێ باشتر .

( ژوور , ڕۆژ , پەرژین , مێوژ , ژیژک , ڕێژنە , ژیان , ژینگە , برژانگ , قژ , ئەژی، ژیلەمۆ، ژنەفتن، ژن، ژیر )... هتد

**ئەرکی ماڵەوە :** نوسینی دوو وشە لە تیانوسەکانیاندا واتە ئەرکی ماڵەوە :



ژیان ڕۆژ

٣ : شیکارکردنی چالاکییەکانی ناو کتێبەکە، هەموومان پێکەوە , ڕەشکردنەوە و خستنە ناو بازنەی پیتی (ژ) نوسینەوە , پڕکرنەوەی بۆشایی .

کۆتا چالاکی پیتی (ژ) خوێندنەوەیە , خوێندنەوەی بابەتی (ژیان و ئەژی) لەسەر بۆردەکە بە جوانیی و گەورەی دەینوسم و چەند جارێک خۆم دەیخوێنمەوە، دواتر دەڵێم ئێوەش بە دوای مندا بیڵێنەوە .

دواتر ئەوانیش هەڵدەسێنم بیخوێننەوە و حونجەی بکەن .

بۆ ڕۆژی دواتر ئیملای سەر دەفتەری بابەتی (ژیان و ئەژی) پێویستە دانە بە دانە بۆیان دیاری بکەم لەسەر کتێبەکە بۆئەوەی لێیان تێکنەچێت و بیریان نەچێتەوە , کاتێ ئیملایان پێئەکەین ئەبێ وا فێریان بکەین کە وەک دێوە زمەیەک نەیەتە پێش چاویان و ئاسانی بکەین بۆیان، لە ئیملاکەدا دوو وشە سێ وشە بنوسرێ بەسە زۆر پێویست ناکا هەمووی بنوسن .

لە کاتی ئیملاکەدا دەبێ کەشێکی هێمن و باشیان بۆ دروست بکرێ و پێویستە مامۆستا وشەیەک چەندین جار دووبارە بکاتەوە و پیت بە پیت بیڵێ تا ئەبێت بە ووشە و ڕادێن لەگەڵ ئەو کەشەیا

لەکاتی پێدانەوەی ئیملاکانیان زیاتر هانیان بدرێت و چەپڵەیان بۆ لێبدرێت و دیاری بچوکیشیان پێبدرێت بۆئەوەی زیاتر هەوڵ بدەن و ترسیان نەمێنێ .

هۆنراوەی بڵێن؟ بەڵێ

هۆنراوەیەکی پەروەردەیی باشە بۆ منالانی ئەو قۆناغە , بۆئەوەی هانیان بدات بەڕێز و وشیاربن کاتێک کەسێک بانگی کردن بەڵێ بەکاربهێنن لەبری ئا و ئم و سەرلەقاندن .

بەشێوەی شانۆ و بە ئاوازەوە دەتوانرێ باشتر پەیامەکە بگات

مندالان گوێتان لێیە

من ئەو پەیامەم پێیە

لە ئێستاوە کەووردن

هەرکەسێ بانگی کردن

لە وەلاما وشیاربن

بەڕێزەوە دیاربن

ژیریی خۆتان بنوێنن

بەڵێ بەکاربهێنن



ئەم هۆنراوە جوانە هی (حاتەم  باتاسییە).

## وانەی یانزەیەم

## کتێبی سمۆرەکە

## پیتی (ێ , ێ) دێ



**ناساندنی پیت :**

ئەمرۆ سمۆرەی جوان و شیرین ڕۆشتووە بۆ (دێ) لادێ و ئاوایی و ئاڤاهی و گوندیشی پێدەوترێت لە زمانی شیرینی کوردیدا . بەڵام ئێمە دەڵێین (دێ) بزانین سمۆرە ئەیەوێ چی پیتێک بە چاوگەشەکانی ئێمە بڵێت و پێمان بناسێنێت .

پیتی (ێ , ێ ) مان پێدەناسێنێ

ئەگەر داتاشۆ هەبێت بەکاربهێنرێت چاکترە چونکە زۆربەی ناساندنی پیتەکان کراوە بە ڤیدیۆ و ئاوا چێژی زیاترە بۆ قوتابیان هەم ئەیبینن هەم دەیبیستن کە باسی (دێ ) دەکات .

دێ لە شوێنێکی بچوکی نیشتەجێبوون پێکهاتووە و ژمارەی دانیشتووانی زۆر کەمترە لە شارەکان، سەوزایی زۆرە و مەڕ و مالات و پەلەوەری ماڵیی زۆرە , خەڵکەکەی زیاتر بەکاری کشتوکاڵی و شوانیی و باخەوە سەرقاڵن .

پیتی (ێ , ێ) چەند جارێک بەشێوەی دەنگی دەیڵێم , پاشان ئەوانیش بیڵێنەوە دانە دانە بەشداریان پێدەکەم بۆ ووتنەوەی پیتە نوێیەکەمان کە پیتی (ێ) کۆتایی و (ێـ) ناوەڕاستە , ناو وشە . بەکارت پێشانیان ئەیەم و دواتر بەجوانی لەسەر تەختە بۆیان دەنوسم .

**ڕاهێنانی ناو پۆل ١:** دەڵێم یەڵا ئێوەش لە هەوایا بینوسن پەپولەکانم , دواتر پێیان دەڵێم جوان سەرنجی من بدەن بزانن دەڵێم چی ؟ پیتی (ێ) بە هیچ شێوەیەک بزوێنی درێژ و بزوێنی کورت وەرناگرێ , پیتێکی تریشمان هەبوو پێشتر کێ بیری ماوە چ پیتێک بوو ؟

پیتی (ۆ) بوو، ئافەرین , کەواتە پیتی (ێ , ێ) ش وەک ئەو وەری ناگرێت و هەرخۆیی بەتەنیایە ئەگەر بینوسین و پێوەی بلکێنین ئەوە هەڵەیە و بەهیچ شێوەیەک لە زمانی شیرینی کوردییدا شتیوامان نییە

ێ ا = ێا

ێ ە = ێە ئەوە هەڵەیەکی گەورەیە گوڵەکانم

ۆ ا = ۆا

ۆ ە = ۆە دیسانەوە هەڵەیە لە زمانی کوردییدا تەنیا ئەم دوو پیتە بزوێنی درێژ و بزوێنی کورت وەرناگرن , ئەوانیتر هەموویان وەریدەگرن .

پێیان دەڵێم لەو بۆردەی بەردەمیان بینوسن و بیکێشن پرسیاریان لێدەکەم بۆئەوەی یەکی شتێکم پێ بڵێن کە (ێ) ی تێدابێت ( ڕێوی ,کێو، بێریتان، دێ , ڕێ , شێر , هێلکە , سێ , ئاکرێ , سلێمانی , هەولێر , ئێوارە , وێنە , دوێنێ) ..هتد



**ئەرکی ماڵەوە** ١: نوسینی پیتی (ێ , ێـ) لە تیانوسەکانیاندا بەم شێوەیە :

ێ ێـ

**ڕاهێنانی ناو پۆل ٢ :** دوو دوو هەڵیان دەسێنم بۆ سەر تەختەکە بۆ ئەوەی بینوسن ,

گێڕانەوەی چیرۆکەکەی.

٢ :نوسینی دوو وشە لە تیانوسەکانیاندا بەم جۆرە :

ئێوە ڕێ

**شیکارکردنی چالاکییەکانی ناو کتێبی سمۆرە،** هەمووان پێکەوە

ڕەشکردنەوەی بازنەکان، قوتابیان لەسەر تەختەکە ئەو کارە دەکەن بە هاوکاری مامۆستا , خستنە ناو بازنە پیتی نوێی خوێندراو کە (ێ) یە .

پاشان چالاکیی یەکەم جوان نوسییە بۆئەوەی ڕێنوسیان ڕێک و پێک بێت و گرنگیی بە سەر خەت یان هێڵ بدەن ,

چالاکی دووەمی کتێبەکە

بۆشاییە وشەیەک پیتێکی پەڕاوە دەبێت بیگەڕێنینەوە و بینوسینەوە بۆ نمونە :

و.... نە

ڕ.... وی

بەو شێوەیە , بە بڕوای من ئەم چالاکییانە هەرچەن هەندێ کات زۆرن و دەبێتە هۆی بێزاریی قوتابی چونکە دەست و پەنجەیان ماندوو دەبێت و کاتێکی زۆری مامۆستاش دەبات بەڵام سودیشی زۆرە .

چالاکی سێیەم لەم چالاکییەدا پیتە خوێندراو نەخوێندراوەکان دەنوسرێت و ئەو پیتەی مەبەستە دەخرێتە ناو بازنەیەکەوە لەلایەن قوتابییانەوە، ئەگەر بەشێوەی گرووپیش بکرێت دەبێت لەسەر تەختەکە بێت،بەمجۆرە باشتریشە.

چالاکی چوارەمی کتێبەکە لێکبدە  بنوسە بخوێنەوە

ئێ + وە = ئێوە

دوێ+ نێ  = دوێنێ



ڕێ + وی = ڕێوی

چالاکی پێنجەم / بخوێنەوە , بڕگە بکە , پیتەکان بنوسەوە .

وێنە ___ وێ+ نە _____ و +ێ+ ن +ە

ئێوارە ___ ئێ + وا + رە ___ئـ+ ێـ +و + ا + ر+ە

چالاکی شەشەم / خوێندنەوە  بابەتی  (ڕێ )

ئەوە ڕێیە .

ئەوە ڕێی دێیە .

ئەو دێیە داری زۆرە .

لەسەر تەختەکە بەجوانی دەینوسم بۆیان ,خۆم چەند جارێک دەیخوێنمەوە و پاشان پێیان دەڵێم ئێوەش لە دوای منەوە بیڵێنەوە

(ئەو دێیە داری زۆرە ) لە خوارەوە  بەخەتێکی جوان دەینوسنەوە قوتابییەکان

بۆ ڕۆژی دواتر ئیملای ڕێیانە لەسەر بۆرد بێت یان دەفتەر کێشەی نابێت و گرنگ ئەوەیە فێربن

**تێبینی** : بۆیە ئەم چالاکییانە لەم پیتەیا بە وردی باسم کرد و نوسیم بۆ ئەوەی ئەو مامۆستایەی ئەزمونی نییە یان کەمتر ئەزمونی هەیە نازانێت و ناڕوونە چالاکییەکان لای  ڕوون بێت و زۆربەی چالاکی پیتەکانی تر بەم شێوەیەن پێویست ناکا من لێرە هەمووی بنوسمەوە .

## وانەی دوانزەیەم

## کتێبی سمۆرەکە

## پیتی ( ب , بـ) کەباب

**ناساندنی پیت :**

لەم پیتەشدا پێویستە ئەگەر شتێکی بچوکیش بێت لەگەڵ خۆمان بیبەینە پۆل زۆربەی مامۆستایان خواردنی کەباب دەبەنە پۆل و بۆیانەکرن، ئەمەش زۆرجار مامۆستا ڕووبەڕووی ڕەخنە بووەتەوە کە دەڵێن بۆ هەر کەباب خۆ پیتی (ب ) لە زۆر شتا هەیە , ڕاستە هەیە بەڵام لە کتێبەکەدا شتە فەرمییەکە (کەباب)ە کە سمۆرە کە وەک شێف دەرکەوتووە . ئەمە شتێکی ئاساییە و پێویست بە ڕەخنە و هەندێ قسەی زیادە ناکات , خۆزگە هەموومان ئەمانتوانی لەم وانەیەدا بۆ جارێک و ڕۆژێکیش بێت دڵی منداڵان خۆش بکەین و پێکەوە نان بخۆین .

لەم هەنگاوەدا پیتە نوێیەکە بە قوتابیان دەناسێنم و چەند جارێک بە شێوەی دەنگی دەیڵێمەوە , دواتر ئاشنای نوسینی پیتە نوێیەکەیان دەکەم و بە ماجیکی ڕەنگاو ڕەنگ بۆیاندەنوسم و چەند جارێک پێکەوە دەیڵێینەوە . (بـ ی ناوەڕاست و ناو وشە) کە قاپەکەمان شکاوە چونکە پیتی تری پێوە دەلکێت ) (ب ی کۆتایی لە کۆتایی وشە بەم شێوەیە دەنوسرێ و قاپەکەمان نەشکاوە و تەواوە ) بە بزوێنی درێژ بەرزی دەکەینەوە و بە بزوێنی کورت کورتی دەکەینەوە

بەم شێوەیە : بـ با بە

ناوی ئەو شتانەیان پێدەڵێم کە پیتە نوێیەکەی تێدایە وەک ( کەباب ,باس، بیرکردنەوە، با , بەفر , باران , بزن , کەڵەباب , بولبول , بەران , بادەم , بابە , بروانە , بۆن , برۆ , بازاڕ ,بەرد , باز) ..هتد

**ئەرکی ماڵەوە** ١: نوسینی پیتە نوێیەکە لە تیانوسەکانیاندا :

ب , بـ با بە

**ڕاهێنانی ناو پۆل** ١: دوو دوو قوتابیان هەڵدەسێنم بۆ سەر تەختە بۆ ئەوەی بینوسن

گێڕانەوەی چیرۆکەکەی

**ئەرکی ماڵەوە**٢ : نوسینی دوو وشە لە تیانوسەکانیاندا :

بابە بەناز

**چالاکی ناو پۆل:** شیکارکردنی چالاکییەکانی کتێبەکە پێکەوە

خوێندنەوە و نوسینی بابەتی (بزن )

ڕۆژی دواتر ئیملاکردنی بابەتی (بزن) لە دەفتەرەکانیاندا

**تێبینی :** دوای تەواو بوونی هەر پیتێک پێشڕکێ و چالاکیی جۆرا و جۆر به قوتابیان بکرێت باشتره بۆ زانینی ئاستی قوتابیان و زیاتر فێربونیان دەبێته هۆی دڵخۆشی و مەیل و حەزی زیاتریان بۆ وانەکه .

**وانەی سیازدەیەم**

**کتێبی سمۆرەکە**

**پیتی (س , سـ ) ڕێواس**



**ناساندنی پیت :**

ئەم وانەیە ئەچینە دەرەوەی پۆل و با ئەمجارە لە ناو پۆلدا نەبین , لە کتێبەکەدا سمۆرەی جوان و نازدار وەک ئێوە ڕێواسمان پێدەناسێنێ , ڕێواس لە شاخە بڵند و جوانەکانی کوردستان (کوردەجێ) دەڕوێت و سەوز دەبێت تامێکی ترش و خۆشی هەیە، باڵایەکی بەرزی جوانی ڕێکی هەیە وەک ئێوە . ڕێواس ڕەنگی سەوزە و هەندێ جۆری سووورباویشی هەیە.

ئێوە حەزتان لێیەتی ؟ چەن کەس ڕێواس دەخوات ؟

بەڵام لەبەرئەوەی ڕێواس لەو کاتەیا نییە ئەم وانەیەمان دەکەوێتە مانگی دوانزەوە و لەو مانگەشدا ڕێواس نییە , ڕێواس لەبەهاردا سەوز دەبێت و گەشەدەکات .

ئێمە میوەیەکی تری بەسوود دەبەین ئەویش (سێوە) سێو میوەیەکی زۆر بەسوودە هیوادارم هەموو کات هاوڕێی میوەکان بن بەتایبەت سێو . کێ ئەزانێ سێو چەن جۆری هەیە و ڕەنگەکانی کامانەن ؟

لەگەڵ خۆم سێو دەبەم و هەموومان پێکەوە دەیخۆین .

پیتە نوێیەکە دەنوسم و دەڵێم بە جوانی سێری دەستم بکەن و شێوازی نوسینی ئەم پیتەمان جیاوازە لەوانەی پێشوو ناچێت , هێڵێکی ڕێک دەکێشم و پیتی (س) دەنوسم لە پێشدا (سـ) سی (سـ) سەرەتا پاشان ناوەڕاست یان ناو وشە پێیان دەڵێم سێ قاپ دەلکێنین بەیەکەوە و دەستی لێبەرنادەین و قاپی کۆتاییان شکاوە بۆچی ؟ چونکە پیتی تری پێوەدەلکێت .

(س) کۆتایی لە کۆتایی وشەیا دەنوسرێت و قاپەکەمان نەشکاوە و ساغ و سەلامەتە , دوای نوسینی پیتە نوێیەکەمان ئینجا با بە بزوێنی درێژ بەرزی بکەینەوە دەبێت بە (سا) بابە بزوێنی کورت کورتی بکەینەوە دەبێت بە (سە) چەند جارێک بەبەرچاویانەوە دەینوسمەوە

**ڕاهێنانی ناو پۆل ١** : یەڵا گوڵەکان بالە هەوایا بینوسین دواتر لەو تەختەی بەردەمیان بەباشی و جوانی دەینوسنەوە .

پیشاندانی کارتەکان و ئەو شتانەی پیتە نوێیەکەی تێدایە وەک (سێو ,سێڤ، سوور , سەوزە , ڕێواس , پۆلیس , سەر , سەرباز , دەست , سێ , برسی , سەیران , سۆران، سیڤان ) ...هتد .

لە زمانی کوردییدا بە میوەی سێو، ئەوترێت : سێو، سێڤ، سێب، سیڤ، سێف، ساو. تاد.

گێڕانەوەی چیرۆکی پیتی (س، سـ )

**ڕاهێنانی ناو پۆل ٢ /** دوو دوو لەسەر تەختە گەورەکە دەینوسینەوە و هەموویان هەڵدەسێنم

**ئەرکیماڵەوە** ١: نوسینی پیتە نوێیەکە لە تیانوسەکانیاندا : ئەمە لە پەڕەی یەکەم

س , سـ سا سە

**ئەرکی ماڵەوە ٢:** نوسینی دوو وشە لە تیانوسەکانیاندا :

سێو                                      ڕێواس



**ڕاهێنانی ناو پۆل** : شیکارکردنی چالاکییەکانی کتێبەکە لە ناو پۆلدا  هەمووومان پێکەوە لەگەڵ گوڵەکانم خوێندنەوە و نوسینی چەند ووشەیەک لە کۆتاییی چالاکییەکان

❊ ئیملاکردنیان .

## وانەی چواردەیەم

## کتێبی سمۆرەکە

## پیتی (وو) ی درێژ بەڕوو

**ناساندنی پیت :**

لەم پیتەماندا کە (وو)ی درێژە باسی دار ( بەڕوو ) دەکەین , بەڕوویان بۆ دەبەم بۆئەوەی سێری بکەن و ببینن سمۆرەی جوان دڵخۆشە بە بینینی (بەڕوو) سێریدەکات با باسێکی دار (بەڕوو) تان بۆیکەم , دار بەڕوو لە چیا بڵند و بەرزەکانی کوردستان و کوردەجێ دەڕوێت و حەزی بە کەشی ساردە بۆئەوەی تێیدا گەشەبکات و گەورە ببێت دارێکی بەهێز و خۆڕاگرە , هەرلەبەرئەمەشە بەڕەمزی خۆڕاگری ناو دەبرێت و بووەتە هێمای ناسینەوەی جەنگاوەری گەلپارێزی کورد، , بەڕوو یان بڵێین دار بەڕوو بەریشی هەیە و بەرەکەشی دەخورێت و دەبرژێنرێت زۆربەی کات تامی بەرەکەی تاڵە بەڵام بەسوودە بۆ لەشی مرۆڤ ، سوودی فرەی هەیە ,قەد و چڵەکانیشی کاتێک وشک دەبن دەسوتێنرێت و خەڵوزی لێ بەرهەمدەهێنرێت. گەڵاکەیشی بە تەڕیی و بە وشکی خۆراکێکی باشە بەتایبەت بۆ ئاژەڵی بزنی کوردی.

گومان لەوەدا نیە کە زێدی سەرەکی داربەڕوو، زنجیرەچیاکانی زاگرۆس و تۆرۆسە لە وڵاتی کوردەجێ.

دەست بەنوسینی پیتە نوێیەکە دەکەم و چەند جارێک دەیڵێمەوە (وو) کەمان درێژ دەکەینەوە لە ووتندا بۆئەوەی لە پیتی (و ) ی کورت جیا بێت و قوتابیان لێیان تێکنەچێت .

لەسەر تەختەکە دەینوسم بەم شێوەیە :

وو وو وو ، لە کاتی وتندا دەبێت درێژ بکرێتەوە وەک ئاوازی لورەی گورگ بۆئەوەی بەباشی فێربن و لەبیریان نەچێتەوە.

(و ) ی کورتیش دەنوسین کە بەدەمی دەیڵێین بە شێوەیەکی کورت و لە وتنی خێرا دەوەستین بۆ ئەوەی بەباشی هەست بەجیاوازییەکەی بکەن .

دواتر هەر لەم هەنگاوەدا باسی بزوێنی درێژ و بزوێنی کورتی بۆ دەکەین کە هەندێ جار وەریدەگرێت و هەندێ جاریش وەری ناگرێت .

بۆ نمونە / دوو ______ دووەم

لەوێدا وەری گرتووە .

**تێبینی :** ئەم پیتە (وو) ی درێژ لە زمانی کوردییدا زۆر بەکارنایەت , بەبڕوای من نەئەبوو وانەیەکی تایبەتی بۆ دابنرێ و بە پیتێکی سەربەخۆ باس بکرێ دەبوو تێهەڵکێشی (و) کورتی بکرایە.

زیاتر مێشکی قوتابی ئالۆز دەکات ، لە نوسین و ئیملایا لێیان تێکدەچێت زۆرجار ئەوە ڕوویداوە لەپۆلدا پرسیاریان کردووە مامۆستا (و ) ی کورت یان درێژ لە گەرمەی ئیملا و شت نوسیندا .

بەهـیچ شـێوەیەک لە کتێـبەکەدا باسـی وەرگرتنـی بزوێنـی کـورت و درێـژ نەکـراوە لەلایەن (وو) ی درێژەوە ، پیشاندانی ئەو کارتانەی پیتە نوێیەکەی تێدایە , گێڕانەوەی چیرۆکەکەی



**ڕاهێنـانی نـاو پـۆل** ١ : نـاوی ئەو شـوێن و شـتانەی کە (وو) ی تێدایە  بەشداری بە قوتابیـان دەکەم بـۆئەوەی هەریەکەیـان شـتێک بڵـێن  ( ئـارەزوو , ژوور , دوو , بەڕوو , ڕەژوو , بەسـوود , سـوور ,دوور مازوو , دووربین , بازوو، دووزخورماتوو، قووڵ، دەنووک )

**ئەرکـی مـاڵەوە ١**: نوسـینی (وو) لە تیانوسـەکانیاندا بەم جـۆرە  ئەوانـیش تـا خـوارەوەی پەڕەکە دەینوسن  :

وو                                        وو                                        وو

**٢** : لەهەوایـا دەینوسـین و دواتـر لەو تەخـتەی  بەردەمیـان و پیتەکەیـان پیشـان ئەیەم  ئەیـدەم بەدەستیشیانەوە دەستی لێبەن بۆ ئەوەی باشتر تێبگەن و ئاسانتر فێربن .

دوو دوو و بەڕیز هەڵیاندەستێنم  بۆ سەر بۆردەکە بۆئەوەی بینوسن و پێکەوە پیتەکە ئەڵێینەوە و پرسیاریان لێدەکەم .

**ئەرکی ماڵەوە ٢**: نوسینی دوو وشە لە تیانوسەکانیاندا  :

ژوور                                        ئارەزوو

**ڕاهێنانی ناو پۆل ٢** : شیکارکردنی چالاکییەکانی  ناو کتێبەکە پێکەوە لە ناو پۆلدا

خوێندنەوە و نوسینی بابەتی (بەڕوو) بەجوانیی و لەسـەر هێڵ بۆیـان دەنوسـم و خـۆ م دەیخـوێنمەوە پاشان بەشدارییی بەقوتابیانیش دەکەم   بۆ خوێندنەوە و هانیان دەیەم بۆئەوەی بەباشی بخوێننەوە و نەترسن و لەبەری نەکەن .

ڕۆژی دواتر ئیملاکردنی بابەتی ( بەڕوو )  لەسـەر تەختە یان دەفتەر هەرکامیان بێت سودی خۆی هەر دەبێت .

دوایی تەواوبوونی هەر پیتێک بیرخستنەوەی  هەموو پیتە خوێندراوەکان و  پرسـیارکردن و چـالاکیی جۆراوجۆر  و پێشبڕکێ بۆ خوێندنەوە و حونجەکردن و هەڵوەشاندنەوەی وشە و بڕگە کردن  گرنگە،

من هەمـوو کات زۆر گرنگی بە گۆڕین و شـێوازی وانەوتنەوە ئەیەم  ,پێمخۆشـە هەمـوو وزەیەک کە هەمە و پێمە پێشکەشیانکەم  , مامۆسـتای ئەلفبێ دەبێت جیابێت لە هەمـوو مامۆسـتای وانەکانی تـر ,قوتابیەکانیش هەست بەم جیاییە دەکەن ، وەک دایکێکی میهرەبـان هەمـوو کـات سـێرت دەکەن و حەز بە نزیکی و خۆشەویستیت دەکەن . من وەک خۆم زۆر هەست بەئارامی دەکەم لەگەڵیان کە دەیانبینم پاک  و بێگەردن .

## وانەی پانزەیەم

## کتێبی سمۆرەکە

## پیتی ( م , مـ ) دەم



**ناساندنی پیت :**

ئەمـیش وەک پیتەکـانی پێشـوو، سـمۆرەکەمان بـۆ دەنـگ و پیتـی (م , مــ) ئـاوێنەیەکی گرتـووە بەدەستییەوە و سێری دەمی دەکات , دەزانن بۆچی سێری دەمی دەکات گوڵەکانم ؟

بەڵـێ چـونکە (دەم) پیتـی (م ,مــ) ی تێدایە، ئەیەوێ بەئـێمەی بناسـێنێت یەڵا بـا پـێکەوە فێری ئەم پیتەش ببین .

لەپێشدا خۆم باسی دەمیان بۆدەکەم و پرسیار لە قوتابیـانیش دەکەم , دەم سـوودی چییە ؟ ئێمە بۆ دەبێت دەممان هەبێت ؟ ئەگەر نەممان بێت چی ڕوو ئەیات ؟

چەند جارێک پیتی (م , مـ) دەڵێم ئەوانیش پێویستە بیڵێنەوە دواتر بەجوانیی وەک پیتەکانی پێشوو دەینوسم لەسەر تەختەکە بە ماجیکی ڕەنگاو ڕەنگ و لەسـەر هێڵ , پیتی (م) ە کەیان پیشـان ئەیەم و وەک ئەوە دەینوسین .

بەجـوانی بۆیـان ڕوون دەکەمەوە کە دوو جـۆر (م) ممـان هەیە لەســەرەتا و ناوڕاسـتی وشــە و لە کۆتایی وشەدا

ئەم جۆرەیان (مـ) لە سەرەتا و ناوەڕاستی وشەیا دەنوسرێت فێری چۆنیەتی نوسینیان دەکەم ئەوە زۆر گرنگە بزانن ئاڕاستەکەی لە کوێوە دەست پێدەکات .

مـ_____ شکاوە چونکە پیتی تری پێوەدەلکێت وەک ( شەمامە , مەڕ) ( م ) ە کەمان لە سـەرەتا و ناوەڕاستەوە هاتووە

م _____ ئەم جۆرەیان لە کۆتاییەوە دێت کلکەکەی بۆ خوارەوەیە وەک (شێلم , دەم )

( م ) کۆتایی بە هیچ شێوەیەک بزوێنی درێژ و بزوێنی کورت وەرناگرێ

ئەوەی کە وەریدەگرێت (مـ ) ی سەرەتا و ناوەڕاستە، یەڵا بەرزی بکەینەوە

بە بزوێنی درێژ ما , کورتی بکەینەوە مە

وەک :

م , مـ ما مە

* گێڕانەوەی چیرۆکەکەی

**ڕاهێنانی ناو پۆل** ١: نوسینی لەلایەن قوتابیانەوە لەو تەختەی بەردەمیان



هەموومـان پێکەوە پیتە نوێیەکەمـان دەکێشـین و ڕەنگی دەکەیـن , و لەو تەختەی بەردەستیشـیان بینوسنەوە

ئەو شتانەی پیتە نوێیەکەی تێدایە لەگەڵ قوتابیان پێکەوە هەریەکە و شتێک دەڵێین وەک ( میزەڵان , مەڕ , دەم , کۆمپیوتەر , شـەمامە , مۆم , مۆز , مریشـک , مۆر , مەڕۆ , مـار , مەیمـون , ماجیک , قەڵەم ، مانا، خورەمئاوا، مانی، مەزدەک...) هتد

ئەو شتانەی کە مامۆستا ئەتوانێ لەگەڵ خۆی بیانبات , بیبات باشترە من وەک خۆم میزەڵان و مۆز و مۆمم بۆ بردوون و کاتێکی خۆشمان پێکەوە بەسەربردووە , هەموویـان هەوایان کردووەتە میزەڵانەکان و پێکەوە تەقاندوومانە و هەمومان پۆلمان چەپڵە ڕێزان کردووە

**ئەرکی ماڵەوە** ١: نوسینی پیتی ( م) ی کۆتایی لە تیانوسەکانیاندا :

م م م

**ئەرکی مـاڵەوە ٢**: مــ ی ناوەڕاست بە بزوێنی کـورت بزوێنـی درێـژەوە بەم جۆرە دیسـانەوە لە تیانوسەکانیاندا :

مـ ما مە

**ڕاهێنـانی نـاو پـۆل** ١: دوو دوو لەسـەر تەختەکە قوتابیـان پیتە نـوێیەکە دەنوسـنەوە لەسـەر هێڵ و بەجوانیی

**ئەرکی ماڵەوە ٣** : نوسینی دوو وشـە لە تیانوسـەکانیاندا , کاتێک وشـەیان بۆ دەنوسـین دەبێت لەو پیتانە پێکهاتبێت کە خوێندومانە و فێرکراون وە هەم پیتەکە واتە (م ) کە لە کۆتایی هاتبێت و لە ناوەڕاست و سەرەتاش بەم جۆرە :

مۆم زمان

**ڕاهێنانی ناو پۆل٢** : شیکارکردنی چالاکیەکانی کتێبەکە لەگەڵ قوتابییە ژیرەکانم

نوسین و خوێندنەوەی بابەتی ( مێروو ) پێویستە مامۆستا بەجوانی بۆیان بنوسێت و بۆیان ڕوون بکاتەوە و قسە لەسەر ئەو بابەتانە بکات , کە ئازاردانی ئاژەڵ و مێروو کارێکی باش نییە و دوورە لە ڕەوشتی مرۆڤە باش و پاکەکان بەتایبەتی منداڵانی کورد , کورد دەبێت هـاوڕێی ئـاژەڵان بن و نەبنە هۆی ئازاردانیان و تێکدانی سروشت و ژینگەکەیان .

ڕۆژی دواتر ئیملاکردنی بابەتی (مێروو)

**تێبینی** : مـن وەک خـۆم زۆربەی کاتەکـان دوای پێدانەوەی ئیملاکانیـان، دیارییـان بۆ ئەکرم و زیـاتر هانیان ئەیەم بۆ باشتر بوونیان .

دوای تەواو بـوونی پیتـی (م , مـ ) هەوڵ ئەیەم فێـری نوسـینی ڕسـتەیان بـکەم بـۆئەوەی فێـرببن بیخـوێننەوە چـونکە پـانزە پیتمـان خوێنـدووە و ئەو ژمـارەیەش زۆرە ڕسـتەی لـێ دروسـت دەکرێت، بەئاسانی ئیتر پیتەکانمان زۆردەبن و دەتوانین ڕستەی جۆراوجۆریان لێدروست بکەین لەو پیتانەی خوێندوومانە و قوتابیان ئاشنا و فێر بوون و دەیانناسنەوە .

**وانەی شانزەیەم**

**کتێبی سمۆرەکە**

**پیتی (ت , تـ ) پەت**

**ناساندنی پیت :**

پیتی نوێمان ناوی (ت , تـ ) کە قاپێکە و دوو چاوی گەشی هەیە , سمۆرەکەمان پەتێکی پێیە و پەت پەتێن ئەکات , ئێوەش پەت پەتێن ئەزانن وەک سمۆرەی هاوڕێمان ؟

کەواتە ئافەرین گوڵەکانم .

پەت، پیتی (ت) ی تێدایە پەتم هێناوە و ئێوەش پەت پەتێن بکەن بزانین کێ بەجوانی و باشی پەت پەتێنمان بۆ دەکات .

گوڵەکانم، پەتپەتێن یارییەکی کۆن و خۆشی کوردەکانە. هەم وەرزشێکی بەسوودە بۆ لەشمان

دوای ئەوەی کاتێکی خۆش لەگەڵ پەتەکەیا دەبەینە سەر , پیتە نوێیەکە دەنوسم، دەڵێم هەر وەک قاپەکانی تر وایە کە خوێندمان بەڵام ئەم دوو چاوی گەشی جوانی هەیە وەک ئێوە، دوو چاوەکە واتە دوو نوکتەکەی ناوی .

ئەو پیتانەی کە خوێندمان شێوەی لە قاپ ئە چوو بەڵام بە نوکتە و سەرە چۆلەکە جیاواز بوون ئەم پیتانە بوون :

(ن ــ ب ــ یی ــ ێ ـێ ) وە هەروەها (ت ) کەئێستا دەیخوێنین .

بەشێوەی دەنگی چەند جارێک دەیڵێم پاشان لەسەر هێڵێکی ڕێک بەجوانیی دەینوسم پیتەکەیان پیشان ئەیەم و ئەیدەم بەدەستیانەوە .

پیتی (تـ) ی ناوەڕاستیان بۆ دەنوسم و فێریان دەکەم چۆن بینانوسنەوە لەگەڵ پیتی (ت) کۆتایی . بیریان دەخەمەوە کە هەموو کات ئەو پیتەی کەوتە ناوەڕاست و سەرەتا قاپەکەی شکاوە چونکە پیتی تری پێوە دەلکێت بۆ ئەوەی شکاوێکەی چاک بکاتەوە، بەڵام پیتی (ت) کۆتایی چونکە لە کۆتایی وشەوە دێت قاپەکە دەبێ خڕ بێ و نەشکابێ وەک زۆربەی پیتەکان بزوێنی درێژ و بزوێنی کورت وەردەگرێت , یەڵا بەرزی بکەینەوە (تا ) نزمی بکەینەوە یان کورتی بکەینەوە (تە ).

پیتەکانی کۆتایی وەرناگرێت تەنیا ئەوانە وەریدەرگرێت کە قاپەکانی شکاون . واتە سەرەتا و ناوەڕاست یان ناو وشە .

بەم جۆرە : تـ تا تە

گێڕانەوەی چیرۆکەکەی

**ڕاهێنانی ناو پۆل** ١ : نوسینی له هەوایا هەموومان پێکەوە , پاشان دەیکێشین و لەو تەختەی بەردەمیان بینوسن .

**ئەرکی ماڵەوە** ١: نوسینی پیتەکەمان له تیانوسەکانیاندا :



ت , تـ تا تە

**ڕاهێنانی ناو پۆل ٢**: ناوی ئەو شت و شوێنانە دەڵێین کە پیتەکەی تێدایە (پەت،تاک، تێگەیشتن، پرتەقاڵ , ترێ , تەماتە , شوتی , پەتاتە , ماتۆڕ , ئوتوو , دەست , کتێب , زستان , تەرزە , ترۆزی) ..هتد

دوو دوو هەڵیان دەسێنم بۆئەوەی پیتەکە بنوسن بەبزوێنی درێژ و بزوێنی کورتەوە .

پرتەقاڵ و ترێ دەبەین و پێکەوە له پۆلدا دەیانخۆین .

**ئەرکی ماڵەوە ٢** : نوسینی دوو وشە له تیانوسەکانیاندا :

ئاوات ترێ

شیکارکردنی چالاکییەکانی ناو کتێبەکە له پۆلدا و پێکەوە , بەشداری بە

قوتابیانیش دەکەم .

خوێندنەوە و نوسینی بابەتی ( زستان ) چەند جارێک خۆم دەیخوێنمەوە و بۆیان ڕووندەکەمەوە و باسی وەرزی زستانیان بۆ دەکەم بەشداری بە قوتابیانیش دەکەم بۆئەوەی بیخوێننەوە .

پێیان دەڵێم کە له زمانی کوردییدا: بە زستان ئەوترێت، زوسان، زمسان، زڤستان، زۆسان، جستان، زەسان، زمسو. تاد..

ڕۆژی دواتر ئیملاکردنی بابەتی (زستان ).

**وانەی حەفدەیەم**

**کتێبی سمۆرەکە**

**پیتی (ک , کـ)  بووک**

**ناساندنی پیت :**

دەچمە ژوورەوە و (بووک) لەگەڵ خۆم دەبەم , پرسیاریان لێدەکەم بزانم دەزانن بۆچی بووکم بۆ بردوون و پیشانیان ئەیەم ؟  بێگومان بەڵێ پەپولەکانم ئەمڕۆ پیتێکی دیکە فێردەبین و دەیخوێنین .ئەویش پیتی (ک ,کـ ) .

سمۆرەی گوڵ سەر چۆپیی گرتووە و  هەڵدەپەڕێت , ئێوە ئەزانن بۆ؟  بەڵێ ئافەرین

دەیەوێ پیتێکی نوێی جوان بە ئێمە بناسێنێ  و دڵمان خۆشبکا , با هەموومان پێکەوە سوپاسی بکەین و بڵێین خۆشمانەوێی سمۆرە گیان.

پەپولەکانم ئێستا کاتی ئەوەیە فێری ئەم پیتەیش ببین , چەند جارێک دەیڵێم بەدەمی،  ئەوانیش دەیڵێنەوە لەگەڵم پیتەکەیان پیشان ئەیەم و ئەڵێم جوان سێری بکەن ئینجا ئێوە سێری دەستم بکەن بزانن چۆن دەینوسم، لەسەر هێڵ بەڕێک و پێکی هیچ پەلە ناکەم (ک) دەنوسم , بەشێوەی ناوەڕاست و سەرەتا  دواتریش بەشێوەی کۆتایی .

کـ سەرەتا و ناوەڕاست بزوێنی درێژی پێوە دەکەین دەبێت  بە    کا

ک  کۆتایی بزوێنی کورت یان خڕی پێوە دەکەین دەبێت   بە        کە

چەند جارێک دەیڵێینەوە پێکەوە لەگەڵ قوتابیان , کارتەکانیان پیشان ئەیەم

**ڕاهێنانی ناو پۆل١** :  ناوی ئەو شت و شوێنانە دەڵێین کە پیتی (ک)ی تێدایە بەڕیز بەشداری بە قوتابیان دەکەم  وەک  (کوردانە، ئاکرێ  , کەباب , کوردی, بووک , کۆتر , کەو , کەرکوک , کوردەڕێ , بیرکاری , دهۆک  , کاکە  , کتێب , کچ , کوڕ, ئەسکەندەروونە، سۆکرات، کاکەیی )  .. هتد

٢ :  لەهەوایا دەینوسین و دواتر وێنەی دەکێشین و ڕەنگی دەکەین ، دوو دوو هەڵیاندەسێنم بۆ سەر بۆردەکە بۆ نوسینی پیتی  کـ ، ک بەبزوێنی کورت و بزوێنی درێژەوە پاشان گێڕانەوەی چیرۆکەکەی

**ئەرکی ماڵەوە** ١ :  نوسینی پیتەکە لە تیانوسەکانیاندا بەم جۆرە وەک پیتەکانی پێشوو  :

ک , کـ                    کا                    کە

**٢ :** نوسینی دوو وشە لە تیانوسەکانیاندا :

کۆتر کەرکوک

49Page |

**چالاکی ناو پۆل** : شیکارکردنی چالاکییەکانی کتێبەکە ,دوای چالاکییەکانی سەرەتا دێینە سەر چالاکی کۆتایی کە خوێندنەوە و نوسینی بابەتی (کارکردن) ە .

ڕۆژی دواتر ئیملاکردنی بابەتی (کارکردن) لە دەفتەرەکانیاندا بە شێوەی ڕستە .

**تێبینی :** دەتوانرێ جارجار لە تیانوسەکانیاندا دوای وشە ورستەیش بنوسرێت بۆ ئەوەی فێربن لەسەر خەت بەڕێکی لە وشە زیاتر بنوسن .

## وانەی  هەژدەیەم

## کتێبی سمۆرەکە

## پیتی (ح , حـ)  تیمساح



**ناساندنی پیت :**

ئەم وانەیەش پیتێکی نوێ فێر دەبین ، سمۆرەی شیرینی ئێمە چووە بۆ باخچەی ئاژەڵان لەو یدا ئاژەڵی تیمساحی لێیە و سێری دەکات، ئێوە ئەزانن بۆچی ڕۆشتووە بۆ لای ئاژەڵی تیمساح و نەچووە بۆ لای ئاژەڵێکی تر ؟  قوتابیەکان : بەڵێ چونکە پیتی  (ح  ) ی تێدایە  , ئافەرین گوڵەکانی من  .

ئێمەش دەتوانین شتەکانی تر ئەوانەی کە (ح) ی تێدایە لەگەڵ خۆمان بیبەینە پۆل وەک حەڵوا , تەزبیح تیمساحی یاری منداڵانیش هەردەبێ .

 پیشاندانی پیتە نوێیەکە بە قوتابیان و  بەشێوەی دەنگی دەیڵێینەوە  . دواتر نوسینی لەسەر بۆردەکە بەجوانی و بەسەرنجەوە  دەبێت سێری بکەن چونکە ئەم پیتەمان تۆزێ هەستیارە  لە نوسیندا .

پیتی  (حـ )  ناوەڕاست و سەرەتا دەنوسم بەم شێوەیە (حـ) چەند جارێک بەبەرچاویانەوە , پیتی

(حـ ) سەرەتا و ناوەڕاست  بزوێنی درێژ وەردەگرێت دەبێت بە  (حا )  بزوێنی کورت وەردەگرێت دەبێت بە (حە  )  پیتی ( ح  ) ی  کۆتایی  بەم شێوەیە دەنوسرێت  (ح ) .

 **ڕاهێنانی ناو پۆل** :  لە هەوایا دەینوسین  و لەو تەختەی  بەردەمیان

گێڕانەوەی چیرۆکەکەی , دوو دوو هەڵیاندەسێنم بۆ سەر تەختەکە بۆ ئەوەی بینوسن بە بزوێنی کورت و بە بزوێنی درێژەوە .

**ئەرکی ماڵەوە** : نوسینی پیتە نوێیەکەمان لە تیانوسەکانیاندا :

ح ، حـ　　　　حا　　　　حە

نوسینی  دوو وشە لە تیانوسەکانیاندا :

تیمساح　　　　ڕێحانە

**چالاکی ناو پۆل:** شیکارکردنی چالاکییەکانی کتێبەکەمان لەگەڵ گوڵەکانی پۆلی یەک

نوسین و خوێندنەوەی بابەتی ( حەیران) کە وشەیەکی کوردییە و لە هەیران و ئایران یان ئاران و ئاگرانەوە هاتووە و تایبەتە بە جۆرە ئاوازوو گۆرانییەکی کوردیی کۆن. کە ئێستایش لە ناو کوردەکانا هەر ماوەتەوە.



ڕۆژی دواتر ئیملاکردنی بابەتی (حەیران) لە دەفتەری ئیملایا .

## وانەی نۆزدەیەم

## کتێبی سمۆرەکە

## پیتی (ش , شـ ) ئاش



**ناساندنی پیت :**

چاوگەشـەکانم ئەم وانەیەش پیتێکی تـر دەخـوێنین و ئاشـنای دەبـین ،بـزانین پیـتە نـوێیەکەی وانەی نۆزدەیەممـان چییە ؟ سـێری وێنەی کتێبەکە بکەن بـزانین سـمۆرەی هاورێمـان بەنیـازە چیبکـات؟ گوڵەکانم ئێوە چی دەبینن ؟ ئایا ئەزانن ئەو ئامێرە چییە لە تەنیشت سمۆرەی جوان ؟

بەڵێ ئافەرین ئەوە پێی دەوترێت ( ئاش ) بۆچی باسـی ئـاش دەکەین ؟ بژیت بەڵێ بێگومـان چـونکە پیتە نوێیەکەمان (ش) کە وەک پیتی ( س) وایە , بابزانین ئامێری ئاش سوودی چییە ؟ جوان گوێ لە من بگرن و سەرنجی قسەکانم بدەن .

ئـاش ئـامێرێکی کـۆنە و خەڵکـی کـورد زۆر لە زووەوە بەکاریانهێنـاوە , گەنمیـان بـردووە بـۆ ئەو شـوێنانەی ئەم ئـامێرەی لێبـووە و کردوویـانە بەئـارد لە ئـاردەکەش نـان و کولێرەیـان لـێ دروسـت کردووە .

* ئەم ئامێرە لە زمانی کوردییا: ئاس، ئاساو، ئاسیاو، ئاسیا، هاش، ئاسیاب، تاد...یشی پێدەوترێت.

بەشێوەی دەنگیی چەند جارێک دەیڵێم بەشداری بە وانیش دەکەم بۆئەوەی بیڵێن , فێری نوسـینی پیتەکەیان دەکەم و دەڵێم کێ بیری ماوە لەچی پیتێکی تر دەچێت لەو پیتانەی کە خوێدوومانە ؟

ئـافەرین , لە پیتـی ( س ) دەچێـت بەڵام پیتـی (س) سـادە و سـاکارە و هیچـی پێـوەنییە بەڵام پیـتە نوێیەکەی ئەمڕۆمان سێ نوکتەی بەسەرەوەیە . یەڵا سەرنج بدەن چۆن دەینوسم

شـ ____ سەرەتا و ناوەڕاست یان ناو وشە وەک : شوتی , دۆشاو

بۆچی قاپی (شـ ) ەکە مان شکاوە ؟ زۆرباشە گوڵی مـن چـونکە لە سـەرەتا و ناوەڕاسـتەوە هـاتووە پیتی تری پێوە دەلکێت .

با بەرزی بکەینەوە بەبزوێنی درێژ (شا ) کورتی بکەینەوە بەبزوێنی کورت (شە ) .

(ش) کۆتایی ئەمەیان لە کۆتایی وشەیا دێت و قاپەکەمان نەشکاوە و ساغ و سەلامەتە

وەک : ئاش , ڕەش

**ڕاهێنانی ناو پۆل** ١: پیشاندانی ئەو کارتانەی پیتە نوێیەکەمانی تێدایە و ناوی ئەو شتانەی

(ش)ی تێدایە وەک (شین , شوتی , شەکر , دۆشاو , ترش , فەرش ,شەڤ، شیر , شەربەت , ئاش , ڕەش , ترشیات , شەش , شایی , شانیا , شەو , شانۆ , شانە) .. هتد گێڕانەوەی چیرۆکەکەی

نوسینی لە هەوایا , دوو دوو هەڵیانەسێنم بەڕیز لەسەر تەختەکە بینوسن .

نوسینی دوو وشە لە تیانوسەکانیاندا ئەرکیماڵەوە :

شۆڕش شوتی



**ئەرکی ماڵەوە** : نوسینی پیتەکە لە تیانوسەکانیاندا :

ش ، شـ شا شە

**چالاکی ناو پۆل :** شیکارکردنی چالاکییەکانی کتێبەکە , خوێندنەوە و نوسینی بابەتی (شانۆ) بەشێوەی کرداری شانۆکەیان پێدەکەم لە پۆلدا .

ئەگەر بکرێت هەندێ باسی گرنگیی هونەری شانۆ و بەتایبەت شانۆی منالآنیان بۆ ئەکەم

ڕۆژی دواتر ئیملاکردنی بابەتی (شانۆ ) .

**وانەی بیستەم**

**کتێبی سمۆرەکە**

**پیتی (پ , پـ)  تۆپ**

**کۆتا پیتە لە کتێبی وەرزی یەکەم**

**ناساندنی پیت :**

بە تۆپەوە دەچمە پۆلەوە , دەست  بەیاریکردن دەکەین , ئێوە دەزانن بۆچی تۆپم هێناوە ؟

زۆر باشە گوڵەکانم . بەڵێ ئێمە ئەمڕۆ پیتی (پ) دەخوێنین کە کۆتا پیتی  کتێبی وەرزی یەکەممانە، لە وانەی زمانی شیرینی کوردیی.

یەکەمجار بەس بەشێوەی دەنگی دەیڵێین، دواتر پیتە نوێیەکەیان پیشان ئەیەم و دەڵێم یەڵا بابینوسم ئێوەش جارێ بەس سێری دەستم بکەن وەک قاپەکانی پێشووترە بەڵام بە نوکتەکان جیاوازە .

ئەم پیتە جوانەمان سێ بەردی لە ژێردایە و دانیشتووە .

پـ  سەرەتا و ناوەڕاستی  وشە   بابەرزی بکەینەوە بە بزوێنی درێژ دەبێت بە (پا)   ئینجا کورتی بکەینەوە بە بزوێنی کورت  (پە)  .

دواتر ( پ ) ی کۆتایی قاپەکەمان نەشکاوە و ساغ و سەلامەتە

**ڕاهێنانی ناو پۆل** ١: دوای نوسینی پیتەکەمان چەند جارێک دەیڵێینەوە بۆ ئاسانی و باشتر  وتنی لەلایەن قوتابییەکەنەوە بەتایبەت ئەوانەی لاوازن و ئاستی تێگەشتنیان کەمترە , نوسینی لەهەوایا پێکەوە , دواتر لەسەر بۆردی بەردەستیان دەینوسن .

**ئەرکی ماڵەوە**١ : نوسینی پیتی ( پ) لە تیانوسەکانیاندا :

پ , پـ                    پا                    پە

گێڕانەوەی چیرۆکەکەی  , وتنی ئەو شوێن و شتانەی پیتەکەمانی تێدایە : ( سپی , پەرژین , ئەسپ , پۆستە , لاپتۆپ , پەردە , تۆپ , پەروا , پول , داپیرە , پاپۆڕ , پەپولە , پیاز ).. هتد

**٢** :نوسینی دوو وشە لە تیانوسەکانیاندا بەم شێوەیە :

پەرژین                    ئەسپ

**ڕاهێنانی ناو پۆل٢** : هەموو قوتابیان بەڕیز بەشداری پێدەکەم دوو دوو لەسەر تەختەکە دەینوسن بە بزوێنی درێژ و بزوێنی کورتەوە .

**چالاکی ناو پۆل** : شیکارکردنی چالاکییەکانی کتێبەکە , نوسین و خوێندنەوەی بابەتی ( کۆمپیوتەر)



ڕۆژی دواتر ئیملاکردنی بابەتی (کۆمپیوتەر ) لە دەفتەری ڕاهێنان و ئیملایا .

هۆنراوەی (پەپولە ) لە کۆتایی کتێبی وەرزی یەکەمدا، بەگشتی باسی باڵندەیان بۆ دەکەم بەتایبەتتر پەپولە .

چەند جارێک دەیخوێنمەوە بە ئاوازەوە و دواتر دەڵێم ئێوەش بیڵێنەوە , زۆر دەیڵێینەوە تا لەبەری دەکەن.

دواتر بە قوتابیبەکان دەڵێم: شێوەی تۆپ گۆییە و خڕە وەک کەلە سەری مرۆڤ، ئایا ئێوە ئەزانن بۆچی تۆپ خڕە و جۆرێتر نیە؟

دوای تەواو بوونی کتێبی وەرزی یەکەم کە پێکهاتبوو لە( بیست پیت ) پێداچونەوەیەک بۆ هەموو پیتە خوێندراوەکانی کتێبەکە کەلەم پیتانە پێکهاتبوو (د , ر , ز , و , ڕ , ۆ , ی , ئـ ن , ژ , ێ , ب , س , وو , م , ت , ک , ح , ش , پ ) .

دواتر وشە و پاشان ڕستە کەلەو پیتانە دروست دەکرا .

دەتوانین وەک چالاکییەک پێیان بڵێین لە ماڵەوە بە هاوکاری دایکان و باوکان لە پیتە خوێنراوەکان ڕستە دروست بکەن و بیهێنن بۆ پۆل لەوێ بیخوێننەوە و بیکەن بە برگە و هەڵیبوەشێننەوە بۆ پیت .

# کتێبی دووەم لە ئەلفبێی کوردی

# کتێبی سمۆرەکە

# وەرزی دووەم

سەرەتای  کتێبەکەمان بە بیر خستنەوە دەست پێدەکات بۆ هەموو ئەو پیتانەی پێشوو کە خوێندبوومان , نوسینی پیت و وشە

**وەرزی دووەم**

**وانەی بیست و یەک**

**کتێبی سمۆرەکە**

**پیتی (گ , گـ ) سەگ**

**ناساندنی پیت :**

یەکەم پیتمان لە وەرزی دووەم پیتی (گ , گـ ) سمۆرە ی خنجیلە لەم وەرزەشدا هەر لەگەڵمانە , ئێستا بۆ پیتی (گ , گـ ) ئێسکێکی بەدەستەوەیە و دەبیات بە سەگ , دەزانیێ سەگەکان حەز بە خواردنی گۆشت و ئێسک دەکەن . ئێوە ئەزانن سمۆرەکەمان بۆچی ڕۆیشتووە بۆ لای ئاژەڵی (سەگ) ؟ ئافەرین گوڵەکانم

بەڵێ دەیەوێت پیتێکی تر فێری ئێوە بکات , سمۆرە گیانتان خۆشەوێ ؟

ئێمەش دەتوانین سەگی دروستکراو لەگەڵ خۆمان ببەین بۆ پۆل بۆئەوەی وانەکەمان چێژ بەخشتربێت , یان ئەو شتانەی پیتە نوێیەکەمانی تێدایە وەک (گوڵ) ئەویش دەتوانین ببەین .

بەشێوەی دەنگی چەند جارێک دەیڵێمەوە , پیتە نوێیەکەیان پیشان ئەدەم دواتر بۆیان دەنوسم لەسەر بۆرد بەشێوەیەکی جوان و ڕوون لەسەر هێڵ بە ڕەنگاو ڕەنگی بەم شێوەیە :

گـ ـــ سەرەتا و ناوەڕاستی وشە، پاشان ئەم (گ) یە مان بزوێنی درێژ وەردەگرێت دەبێت بە (گا) بزوێنی کورت وەردەگرێت دەبێت بە (گە) . وەک : خۆزگە.

(گ ) کۆتایشمان هەیە لە کۆتایی وشەیا دەنوسرێت بەم شێوەیە (گ) وەک : ڕەگ

**ڕاهێنانی ناو پۆل ١:** لەگەڵ قوتابیان چەند جارێک دەیڵێینەوە دواتر لە هەوایا دەینوسین لەگەڵ بۆردەکەی بەردەستیان . ناوی هەندێ لەو شت و شوێنانە دەڵێین کە پیتە نوێیەکەمانی تێدایە وەک (ڕەگ , سەگ ,گوڵ , گەنم , گۆشت , گورگ , گەرمیان , مێرگ , بابەگوڕگوڕ , گوێز , ئاگر , گەزۆ , گیا , گێزەر، گەنج ) .. هتد .

گێڕانەوەی چیرۆکەکەی . کە هەموو کات بە تامەزرۆییەوە گوێ لە چیرۆکەکەی دەگرن

**ئەرکی ماڵەوە** : نوسینی پیتەکەمان لە تیانوسەکانیاندا (گ , گـ) سەرەتا و ناوەڕاست بە بزوێنی درێژ و بزوێنی کورتیشەوە :

گ , گـ      گا      گە

**ڕاهێنانی ناو پۆل ٢:** پیتەکە بەدەم دەڵێینەوە چەند جارێک ، دواتر دوو دوو لەسەر تەختە دەینوسن قوتابییەکان

**ئەرکی ماڵەوە ٢** :نوسینی دوو وشە لە تیانوسەکانیاندا :

گەنم گورگ

**چالاکی ناو پۆل** : شیکارکردنی چالاکییەکانی کتێبەکە لەگەڵ چاوگەشەکان لە پۆلدا



ئەم وانەیەمان بابەتی نییە بۆ خوێندنەوە تەنیا وشەی هەیە لە چالاکیەکاندا ئەویش بۆ نوسینەوەیە لەگەڵ پیت پیت کردن و بڕگەکردن .

هۆنراوەی (زمانێ کوردی) بەراستی ئەم هۆنراوەیە بۆ پۆلی یەک قورسە , نارەحەتە لەسەر زمان بۆیە من خۆم چەند جارێک دەیخوێنمەوە و باسی گرنگی زمانی شیرینی کوردییان بۆ دەکەم پێویست ناکات زۆر لە قوتابی بکرێت کەلەبەری بکات .

**وەرزی دووەم**

**وانەی بیست و دوو**

**کتێبی سمۆرەکە**

**پیتی (ف , فـ ) کەف**

**ناساندنی پیت :**

لەم پیتە نوێیەماندا دەتوانین (دەف یان کەف ) ببەین لەگەڵ خۆمان هەردووکی هەر ئاسانە و زۆر باش ئەبێت بردنیان بۆ پۆل وەک یاری کردنێکیش وایە بۆ قوتابیان , سمۆرە کەفی گرتووەتەوە و دەستی تێخستووە ئەوە باسی کەف دەکەین

کاسەیەک (قاپێک) دەفرێک هەندێ ئاوی تێدەکەین و تایت، شامپۆ، زاهی ئیتر ئەو ماددانەی کە کەف دەکەن سۆندەیە بچوک بێت , قەسەب بێت تێیدەکەین فووی پیادەکەین دەبینین کەف دەکات .

پیشانی قوتابیانی دەدەم و بەوانیش دەڵێم فووی پیادابکەن بۆ ئەوەی کەفەکە ببینن و ڕۆژێکی خۆش و وانەیەکی خۆش بخوێنین بەڵام پێیان دەڵێم ئاگاداری قورگیان بن و هەڵی نەمژن .

ئێمە ئەمڕۆ بۆ( کەف ) مان هێناوە دەزانن ؟ قوتابیان : بەڵێ چونکە پیتی (ف , فـ) دەخوێنین زۆرباشە گوڵەکانم .

**کەف :** لە ئەنجامی تێکەڵکردنی هەندێ لە پاککەرەوەکان وەک : شامپۆ , تایت , سابون , زاهی، لەگەڵ ئاو، دروست دەبێت.

سودی زۆرە چونکە کەل و پەلەکانمان بۆ خاوێن دەکاتەوە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نابێت ئێوە زۆربەکاری بهێنن چونکە بچێتە و چاو دەم و لوت و قورگتانەوە عەزیەتتان ئەیا .

**دەف** : ئامێرێکی کۆنی دەنگ خۆشە کەلە مێژەوە کورد بەکاریهێناوە و دەنگێکی بەرزی تایبەتی هەیە، لە تەکێ و خانەقا کوردییەکانا زۆر بەکار ئەهێندرێت. ڕەنگە ناوەکەی لە دەفەی شانەوە وەرگیرابێت کە تیرەکەی لە دەفە ئەچێ. با هەمووومان پێکەوە سێری ئەم ڤیدیۆیە بکەین .

ئێوە حەز بەدەنگی دەف دەکەن ؟

قوتابیان : بەڵێ , زۆرباشە گوڵەکانم . ئێستا با هەنگاوەکانی فێربوونی پیتی (ف , فـ) دەست پێبکەین چەندین جار بەشێوەی دەنگیی دەیڵێم پیتەکەیان پیشان ئەیەم و کارتەکان ئەوانەی پیتی ( ف ) یان تێدایە. دواتر لەسەر بۆردەکە دەست بە نوسینی دەکەم لەسەر هێڵ .

فـــــــسەرەتا و ناوەڕاستی وشە، قاپەکەمان دیسانەوە شکاوە بزوێنی درێژ وەردەگرێت دەبێت بە (فا ) بزوێنی کورت وەردەگرێت دەبێت بە (فە ) . یەڵا پێکەوە بیڵێین

ف , فـ فا فە

دواتر (ف)ی کۆتایی لێرەدا قاپەکەمان نەشکاوە بابینوسین لە کۆتایی وشەدا دێت :

ف ف ف

**ڕاهێنانی ناو پۆل ١**: دوای نوسینی لە تەختەکەیا لەگەڵ قوتابییەکان لە هەوا دەینوسین , دواتر لەو تەختەی بەردەمیان دەیکێشین و ڕەنگی دەکەین . گێرانەوەی چیرۆکەکەی

**ڕاهێنانی ناو پۆل ٢:** ئەو شوێن و شتانەی پیتی (ف , فـ ) ی تێدایە لەگەڵ قوتابیەکان ( فڕۆکە , فڕین , دەف , فڕفڕۆکە , مافور , کفتە , ماف , شفتە , کەف , فەرش , لەفە , دەفتەر , تەناف , فانۆس , سەفین , بەفر , فریشتە، فەرمان ) ... هتد



دوو دوو بەشداریی بە قوتابیان دەکەم بۆئەوەی لەسەر تەختەکەی لای من بینوسن بەم شێوەیە

فـ فا فە و ف کۆتایی

**ئەرکیماڵەوە** ١: نوسنی پیتە نوێیەکەمان لە تیانوسەکانیاندا :

ف ، فـ فا فە

٢ :نوسینی دوو وشە لە تیانوسەکانیاندا ئەرکی ماڵەوە :

بەفر دەف

**چالاکی ناو پۆل** : شیکارکردنی چالاکییەکانی کتێبەکە , نوسین و خوێندنەوەی بابەتی (فڕۆکە) لەسەر تەختەکە , دەیخوێنمەوە چەند جارێک، دواتر دەڵێم لەگەڵم بیڵێنەوە , خۆم بێدەنگ دەبم دانە بە دانە کێ ئارەزووی کرد بیخوێنێتەوە بەشداری پێدەکەم .

ڕۆژی دواتر ئیملاکردنی بابەتی ( فڕۆکە) لە پیتی ف فـ

دوای تەواو بوونی ئەو پیتەشمان هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکەین بزانین تاچەنێک توانیومانە ئامانجەکەمان بپێکین کە فێربوونی پیتەکانی زمانی کوردییە بەباشی تا ئێستا کە بیست و دوو پیتمان خوێندووە .

لەو بیست و دوو پیتە دەبێت بزانن وشە دروست بکەن و هەڵیبوەشێنن و بڕگە بڕگەیان بکەن و ڕستە بخوێننەوە و لە ماناکەیشی تێبگەن .

**تێبینی** : هەروەک پێشووتریش ئاماژەم پێیا مامۆستا دەبێت گرنگی زۆر بە وانە وتنەوەی سەردەمیانە بدات و هۆیەکانی ڕوونکردنەوەی باش بەکاربهێنێت بەتایبەتی لەگەڵ مندالانی ئەم قۆناغە هەستیار و جیاوازەدا .

مـن وەک خـۆم بەشێوەی یاری کردن و بەو شێوەیەی ئەوان حەزیان لێیەتی زۆربەی کات وام کردووە

ئەوە ئەکەوێتەوە سەر سەلیقە و خولیایی مامۆستاکە

**وەرزی دووەم**

**وانەی بیست و سێ**

**کتێبی سمۆرەکە**

**پیتی (ل , ڵ)  مەل**

**ناساندنی  پیت  :**

چاوگەشـەکانم ئەمـڕۆش وەک ڕۆژەکـانی تـر پیتێکـی نـوێ دەخـوێنین و ئاشـنای دەبـین و دەبێـت بە هاوڕێمان ، سەیری ئەم وێنەیە بکەن بە دەستمەوە  چی دەبینن ؟ بەڵێ سـمۆرەکەمان  ,  چیتر ؟ پەڕ , ئافەرین  , چیتر دەبینن ؟ زۆرباشە مەل لە وێنەکەدا هەیە .

سمۆرە ی هاوڕێمـان  پەڕی بۆ خۆی دروست کردووە و دەیەوێت بفڕێت . ئێوەش حەز بەفـڕین دەکەن وەک  سمۆرەی شیرینمان ؟

پێویستە مامۆستا ئەم گفتوگۆو قسانەیان لەگەڵ بکـات بـۆئەوەی وانەکە وشـک نەبێت و قوتابیەکـان تاقەتیان هەبێت لە پۆلدا و بە خۆشەویستیی و چێژەوە  وەریبگرن  .

بـۆ فێربـوونی ئەم پیتەیشـمان چەنـد جارێـک بەدەم دەیڵێـین ئەوانـیش لەگەڵـم دەیڵێـنەوە   دواتـر لێکچوواندن دەکەین بزانین ( ل ) کەمان لە چی دەچێت  و چۆن بینوسین .

پیتی  (ل )ی  کۆتایی بەبەرچاویانەوە سێ جار دەینوسمەوە لەسـەر هێڵ , ئەپرسـم کێ دەزانێ لەچی دەچێت ؟

زۆرباشە لە کلکی گۆچان , چیتر ؟ ئافەرم لە کلکی چەتر، هەر بژین

کەواتە زۆر ئاسانە،  یەڵا با چەترێ دروست بکەین ڕێک کلکەکەی یان دەسکەکەی لە (ل)ی کۆتـایی دەچێت لەبیرتان نەچێتەوە .

دوای ئەوە فێری (لـ) سەرەتا و ناوەڕاست دەبین ,

لـ ی سەرەتا  لـ  کەمان باڵایەکی  بەرزی هەیە بەرزتر لەو پیتانەی پێشـووتر خوێندبومان  دەبێت ئاوا بەرزبێت پاشـان قاپێکی شکاوی بۆ دەکەین بۆچی ؟ قوتابیـان : چونکە پیتی تری پێوەدەلکێت , زۆر باشە

سێ جار بەبەرچاویانەوە دەینوسینەوە , پێیان دەڵێم (لـ)ی  ناوەڕاست یان ناو وشـە بەهەمـان شـێوە دەنوسرێت.

ئێستا با بزوێنەکان بخەینە سەریان بزانین چییان لێ دێت .

لـ ـــــ بزوێنی کورت دەبێت بە ( لە ) لـ + ە = لە

بەڵام ڕۆڵەکانم کاتێک بزوێنی درێژ وەردەگرێت ناچێتە کۆتایی پیتەکەوە وەک پیتەکانی پێشووتر,

ئەم پیتەمان بزوێنی درێژ دەخاتە باوەشییەوە بەم جۆرە

شێوەیەکی تریشی هەیە وەک ڕاستوچەپ  وایە ئاسانیشە بۆ نوسین  , با ئەمەش هەر بزانن (لا) .

**چـــالاکی نـــاو پـــۆل** : گێـــڕانەوەی چیـــرۆکەکەی , لە هەوایـــا دەینوســـین پیتەکەمـــان لەو تەخـــتەی بەردەستیشیان



دواتر وێنەکەی دەکێشین و دەیکەین بە چەتر و ڕەنگی دەکەین .

**ئەرکیماڵەوە** ١: نوسینی لە تیانوسەکانیاندا :

ل , لـ　　　　　　　　لا　　　　　　　　لە

**ڕاهێنانی ناو پۆل ١:** ناوی ئەو شوێن و شتانەی کە پیتی (ل) ی تێدایە وەک : ( لیمۆ , مەل , قەل , چۆلەکە , بولبول ,لالە، کولەکە , کلیل , لۆبیا , لاولاو , لافاو , پەپولە , لانک , لانە , لەنجە , مل ,لۆکە ) ..هتد

**٢ :** نوسینی سێ وشە لە تیانوسەکانیاندا بە شێوەی ئەرکی ماڵەوە :

کولەکە　　　　　　　　لافاو　　　　　　　　لۆبیا

**ڕاهێنانی ناو پۆل** ٢ : دوو دوو بەشداریان پێدەکەم بۆ نوسینی پیتەکەمان .

شیکارکردنی چالاکییەکانی کتێبەکە ، ئیملاکردنی سەر دەفتەر نوسینی ڕستەیەک لە تیانوسەکانیاندا ئەوانیش تا ناوەڕاستی پەڕەکە بینوسنەوە زۆرباشە

* بیرخستنەوەی هەموو پیتە خوێندراوەکان (د , ر , ز , و , ا ,ە , ڕ , ۆ , ی , ئـ , ن , ژ , ێ , ب , س , وو , م , ت , ک , ح , ش , پ , گ , ف , ل )

## وەرزی دووەم

## وانەی بیست و چوار

## کتێبی سمۆرەکە

## پیتی (ع , عـ ) قانع



**ناساندنی پیت :**

ئەمرۆ باسی شتێکی جیاواز دەکەین، کەسایەتییەکی دیاری کوردە کە شاعیر و شۆڕشگێڕ بووە،دەیان شاکاری شیعریی نوسیوە، ئەویش مامۆستا (قانع)ە , وێنەکەیان پیشان ئەیەم بۆ ئەوەی بیبینن و جوان بیناسن .

سمۆرەکەشمان کتێبێکی قانعی بەدەستەوەیە و شیعر و ژیانەکەی دەخوێنێتەوە , دەزانن بۆچی قانعی بۆ هەڵبژاردووین ؟ قوتابیان : بەڵێ چونکە پیتی(ع) ی تێدایە و پێمان دەناسێنێ .

ئافەرین گوڵەکانم .

چەند جارێک بەشێوەی دەنگی دەیڵێینەوە هەموومان پێکەوە ,پیتە نوێیەکەیان پیشان ئەیەم بۆ ئەوەی سەرەتا بیبینن دواتر لەسەر تەختەکە هێڵ دەکێشم پاشان دەینوسم و شێوازی نوسینەکەیان فێردەکەم لەپێشدا (عـ) سەرەتا و ناوەڕاستی وشە ,

سێ جار دەینوسمەوە ئینجا یەلا بە بزوێنی درێژ بەرزی بکەینەوە (عا) بە بزوێنی کورت کورتی بکەینەوە (عە) . پاشان چۆنیەتی نوسینی (ع ) ی کۆتایی .

**ڕاهێنانی ناو پۆل ١:** نوسینی پیتەکەمان لە هەوایا , وە وتنەوەی بە دەم , لەو تەختەیەی بەردەمیان دیسانەوە بینوسنەوە بۆ ئەوەی بەتەواوی دەستیان ڕابێت . گێڕانەوەی چیرۆکەکەی

**ئەرکی ماڵەوە** ١ : نوسینی پیتەکە لە تیانوسەکانیاندا بەم شێوەیە :

ع , عـ عا عە

**٢ :** پیشاندانی ئەو کارتانەی پیتە نوێیەکەی تێدایە لەگەڵ ئەو شوێن و ناو و شتانەی هەمان پیتی تێدایە لەگەڵ قوتابیان ( عەتر , باعەترێ , عەنکاوە , عەسر , قانع , نەعنا , شیعر , عەفرین , عود , عەرەبانە , باع , شاعیر , عیشا , عەینەک , عەلی،) ..هتد

**ئەرکی ماڵەوە ٢** : نوسینی دوو وشە لە تیانوسەکانیاندا :

قانع عود

**ڕاهێنانی ناو پۆل ٣** : دوو دوو هەڵیاندەستێنم بۆ سەر تەختەکە و دەبێت لەسەر ئەویش بینوسن بە بزوێنی درێژ و بزوێنی کورتەوە .



هانیان ئەیەم لەسەر ئەوەی بزانم کێ بەخێرایی و جوانی دەینوسێت

**چالاکی ناو پۆل** : شیکارکردنی چالاکییەکانی کتێبەکە لە پۆلدا کۆتا چالاکیی پیتی (ع , عـ) خوێندنەوەیە ، نوسین و خوێندنەوەی بابەتی (شیعر ) ڕۆژی دواتر ئیملاکردنی ( شیعر)

لە دەفتەری ئیملاکانیاندا

* هۆنراوەی (بەهار) ئەم هۆنراوەیە کراوە بە گۆرانی و لەیوتوب هەیە .

## وەرزی دووەم

## وانەی بیست و پێنج

## کتێبی سمۆرەکە

## پیتی (ڵ , ڵـ) دەهۆڵ

**ناساندنی پیت :**

وێنەکەیان پیشان ئەیەم و دەڵێم سێری کەن بزانین ئەوە چییە بە سمۆرەی هاوڕێمان کێ دەزانێت ؟

ئەوە (دەهۆڵە) دەهۆڵ پیتە نوێیەکەمانی تێدایە کە (ڵ , ڵـ ) بابزانین دەهۆڵ چییە ؟

دەهۆڵ ئامێرێکی مۆسیقی دەنگ خۆشە دەنگێکی زۆر بەرزی هەیەو لە کۆنەوە باو باپیرانی ئێمە بەکاریان هێناوە بە تایبەت لە بۆنە و ئاهەنگە تایبەتییەکاندا دەیکەنە ملیان و دەیکوتن، هەندێجار بێجگە لە خۆشیی و شاییەکان بۆ جەنگیش بەکار هاتووە .

ئەگەر هەبێت و دەست بکەوێت ببرێت بۆ پۆل زۆرباشە یان ئەتوانین بە ڤیدیۆ پیشانیان بەین

ئەها سمۆرەش کردوویەتییە ملییەوە .

بەشێوەی دەنگیی چەند جارێک دەیڵێمەوە ,بە قوتابیانیش دەڵێم ئێوەش بیڵێنەوە , دواتر فێری چۆنیەتی نوسینی پیتەکەیان دەکەم . پیتەکەیان پیشان ئەیەم ئینجا دەڵێم یەڵا بابینوسم و ئێوە سێری بکەن بەجوانی لەسەر تەختەکە دەینوسین بە شێوەیەکی ڕوون و ڕەوان لە پێشدا (ڵ) ی کۆتایی.

سێ جار دەینوسینەوە و پێیان دەڵێم هەروەک کلکە چەترەکەیە واتە (ل) بەڵام ئەو سادە و ساکار بوو پیتەکەی ئێستامان کە (ڵ) حەوتێکی بەسەرەوەیە تەنیا هەرئەوەیە جیاوازییەکەیان .

پاشان ( ڵـ ) سەرەتا و ناوەڕاست , هەروەک پیتی (لـ) باڵایەکی بەرزی ڕێک تەنیا حەوتەکەیە جیاوازییەکە بابزوێنی کورت بخەینە سەری دەبێت بە (ڵە) , بەڵام بۆ بزوێنی درێژ وەک (لا) دەچێتە باوەشییەوە دەبێت بە (ڵا ) واتە ناچێتە کۆتایی پیتەکەوە بزوێنە درێژەکەمان ئەی دەچێتە کوێ ؟ دەچێتە باوەشییەوە . هەروەک پیتی (ڵا) بە دوو شێوە دەنوسرێت بەم جۆرانە (ڵا,ڵا) .

کەواتە : ڵـ , ڵە ,ڵا ,ڵا

ڵـ , ڵە ,ڵا ,ڵا

**ڕاهێنانی ناو پۆل ١ :** بەدەنگ چەن جارێک دەیڵێمەوە , لە هەوایا دەینوسین , دواتر لەو تەختەی بەردەستیان ، پاشان گێڕانەوەی چیرۆکەکەی .

**ئەرکیماڵەوە١** : نوسینی لە تیانوسەکانیاندا :

ڵ , ڵـ                    ڵآ                    ڵە

**ڕاهێنانی ناو پۆل ٢ :** ووتنی ناوی ئەو شوێن و شتانەی پیتە نوێیەکەی تێدایە لەگەڵ قوتابیان :



( شمشاڵ , باڵەبان , سەهۆڵ , هەلاڵە , هەڵگورد , دەهۆڵ , باڵ , گەلا , گولاو , باڵندە , گۆڵ , دڵ , منداڵ , ساڵ , شەماڵ , ئاژەڵ، قەلا ) .. هتد

وێنەی دڵ و گەلا و شمشاڵ و ئالایان بۆ دەکێشم , میوەی پرتەقاڵیان بۆ دەبەم لەوێ هەموو پێکەوە (پرتەقاڵەکان) دەخۆین .

**٣ :** دوو دوو و بەڕیز هەڵیانەسێنم بۆ سەر تەختەکە بۆئەوەی پیتەکە بنوسن

**ئەرکی ماڵەوە٢ :** نوسینی دوو وشە لە تیانوسەکانیاندا بەم شێوەیە :

پیاڵە                    گەڵآ

**چالاکی ناو پۆل :** شیکارکردنی چالاکییەکانی کتێبەکە هەموومان پێکەوە لە پۆلدا

نوسین و خوێندنەوەی بابەتی (دارستان ) ئیملاکردنی بۆ ڕۆژی دواتر لە دەفتەری ئیملایا.

## وەرزی دووەم

## وانەی بیست و شەش

## کتێبی سمۆرەکە

## پیتی (هـ) بەهرە

**ناساندنی پیت :**

لەم وانەیەشماندا پیتێکی تر فێر دەبین ئەویش(هـ) ە, سمۆرە گیان وێنەیەکی بە دەستەوەیە کچێکە کە پێمان دەڵێ ئەمە ( بەهرە) یە , بەهرە وەک ئێوە هاوڕێی سمۆرەکەیە , وە پیتە نوێیەکەمانی تێدایە .

خۆم میوەی هەنار دەبەم بۆ پۆل و پێیان دەڵێم هەنار میوەیەکی زۆر بەسوودە , هاوڕێی مرۆڤە لەهەر تەمەنێکدا بێت، ئێوەیش میوەکان بە گشتیی و هەنار بەتایبەتی بخۆن . ئەم میوە جوانە لە وەرزی پایزدا پێدەگات و دەبێتە میوانی ماڵەکانمان .

بەشێوەی دەنگی چەند جارێک دەیڵێم , دەڵێم بە قوتابییەکانیش دووبارەی بکەنەوە

وێنەی ئەو شتانەیان پیشان ئەیەم کە پیتە نوێیەکەی تێدایە , دواتر فێری نوسینی پیتەکەیان دەکەم

هـ – کە وەک ئسپرینگ چووە بەناو یەکدا , یان قاپێکە و لە ناو قاپەکەماندا قاپێکی تری تێدایە

سێ جار یان زیاتر بەبەرچاویانەوە دەینوسم , پاشان دەڵێم یەڵا بەرزی بکەینەوە بە بزوێنی درێژ دەبێت بە چی ؟ قوتابیان : دەبێت بە (ها ) کورتی بکەینەوە دەبێت بە چی ؟ قوتابیان : ( هە )

ئینجا گوڵەکانم ئەم پیتەمان (هـ) ی کۆتایی نییە تەنیا سەرەتا و ناوەڕاستی هەیە، مەگەر لە هەندێ وشەدا کە لە بنەڕەتا کوردیی نین. .

**ڕاهێنانی ناو پۆل١** : گێڕانەوەی چیرۆکەکەی , لە هەوایا دەینوسین , لەسەر تەختەی بەردەمیشیان , دواتر وێنەی دەکێشین و ڕەنگی دەکەین .

**ئەرکی ماڵەوە١** : نوسینی پیتەکە لە تیانوسەکانیاندا :

هـ      ها      هە

**ڕاهێنانی ناو پۆل** ٢ : ووتنی ئەو شوێن و شتانەی پیتەکەمانی تێدایە (هـ ) پرسیار لە قوتابیان دەکەم

( هەڵۆ , بەهرە , هەنار , هەرێز , هەوێردە , هەورامان , شەهێن , هەڵەبجە , مهاباد , هەنجیر , هەنگ , هەور , هەرمێ , هاوین , دهۆک) ..هتد

دوو دوو بۆ سەر بۆردە گەورەکە بۆ نوسینی پیتی نوێ ( هـ , ها , هە)

**ئەرکی ماڵەوە٢** : نوسینی دوو وشە لە تیانوسەکانیاندا :

شەهێن هەرمێ



**چالاکی ناو پۆل** : شیکارکردنی چالاکییەکان , نوسین و خوێندنەوەی بابەتی (یاری)

فێری ئەوەشیان دەکەم کەلەسەر کتێبەکە بیخوێننەوە و پەنجە بخەنە سەر وشەکان و لەوێوە حونجەی بکەن .

ڕۆژی دواتر ئیملاکردنی بابەتی ( یاری )

دوای فێربوون و تەواو بوونی ئەم پیتەش بیرخستنەوەی هەموو پیتە خوێندراوەکان , چالاکی جۆراوجۆر و پێشبڕکێی پیت و حونجە و خێرا خوێندنەوە و هەڵوەشاندنەوەی وشەیان پێدەکەم .

ئێمە هیڤیدارین کە وەلاتمان(کوردەجی، کوردستان) ئازاد و سەربەست بێت.

**وەرزی دووەم**

**وانەی بیست و حەوت**

**کتێبی سمۆرەکە**

**پیتی (ق , قـ) بۆق**

**ناساندنی پیت :**

سێری وێنەی کتێبەکەمان دەکەین , سێر دەکەین سمۆرە گیان وێنەی (بۆق) دەکێشێت

ئێوە دەزانن بۆ ؟ قوتابیان : بەڵێ چونکە پیتی (ق) مان پێئەناسێنێ بۆق (ق) ی تێدایە ,

ئافەرین گوڵەکانم .

باسی ئاژەڵی ( بۆق ) یان بۆ دەکەم , پێیان دەڵێم بۆق گیاندارێکی وشکاوەکییە، واتە هەم لە ئاودا دەژی و هەم لە وشکانیدا , زمانێکی درێژی باریکی هەیە بۆ خواردن و گرتنی مێشوولە , بۆق بەدرێژایی وەرزی زستان دەخەوێت و لەبەهاردا بەئاگا دێت .

ئێوەی قوتابی چاوگەش نابێت ئازاریان بدەن چ بۆق بێت یان هەر گیاندارێکی دیکە بێت .

پیشاندانی کارتەکان ئەوانەی پیتەکەیان تێدایە , بەشێوەی دەنگیی چەند جارێک دەیڵێم، دواتر فێری نوسینی پیتەکەیان دەکەم , بەوردی سێری دەستم بکەن بزانن چۆن دەینوسم .

ئایا بیرتانە لەکام پیتە دەچێت شێوەی کە خوێندوومانە ؟ قوتابیان بەڵێ لە پیتی (ف) دەچێت بەڵام ئەو یەک نوکتەی بەسەرەوە بوو (ق) دوو نوکتە , زۆرباشە شێرەکانم .

قـ ــــ سەرەتا و ناوەڕاست , ئەگەر بزوێنی درێژی پێوەبکەین ( قا )

ئەگەر بزوێنی کورتی پێوەبکەی ( قە ) .

ق ــــ کۆتایی قاپەکەمان نەشکاوە و قاپێکی تەواوە کەواتە ئەم جۆرەیان لە کۆتایی وشەیا دەینوسین

سێ جار یان زیاتر لەسەر تەختەکە بەجوانیی بۆیان دەنوسم و پێکەوە بە دەنگ و ئاوازەوە دەیڵێینەوە

**ڕاهێنانی ناو پۆل** ١: گێڕانەوەی چیرۆکەکەی , نوسینی لەهەوایا لەگەڵ قوتابییەکان , دەیکێشین و ڕەنگی دەکەین .

**ئەرکی ماڵەوە ١** : نوسینی پیتەکەمان لە تیانوسەکانیاندا بەم شێوەیە :

ق , قـ     قا     قە

**ڕاهێنانی ناو پۆل ٢:** نوسینی پیتەکە لەسەر تەختەکە بۆئەوەی لەبەرچاویان بێت , دوو دوو بەشدارییان پێدەکەم بۆئەوەی بینوسن .

ناوی ئەو شوێن و شتانەی پیتەکەی تێدایە : (پاقلە , سماق ، قەل , بۆق , قەزوان , سڵق , باسوق , قاپ , قیر , قاز , قەڵا , لەق لەق , قوڕ , قەوزە , ڕەق , قوماش , قەڵەو ) ...هتد

**ئەرکی ماڵەوە٢ :** نوسینی دوو وشە لە تیانوسەکانیاندا :

قوتابی لەق لەق

**چالاکی ناو پۆل :** شیکارکردنی چالاکییەکانی کتێبەکە لەگەڵ پەپولەکانم لە پۆلدا

نوسین و خوێندنەوەی بابەتی (بۆق) بەڕێنوسێکی جوان و ڕەوان لەسەر تەختەکە بۆیان دەنوسمەوە و چەند جارێک دەی خوێنمەوە ئەوانیش بەدوامدا دووبارەی دەکەنەوە , بەشداری بە قوتابیانیش دەکەم بیخوێننەوە .

ڕۆژی دواتر ئیملاکردنی بابەتی (بۆق).

**تێبینی :** قوتابیەکان ڕاهاتوون پێویست ناکا وەک سەرەتا بین لەگەڵیان، دەبێت زیاتر پشت بەخۆیان ببەستن . لە دەرهێنانی کتێب و دەرهێنانی دەفتەکانیان و ئامادەکردنیان بۆ ئیملا

پاش تەواو بوونی پیتی (ق)یش , بیرخستنەوەی هەموو پیتە خوێندراوەکان ووتنەوەی هۆنراوەکان ڕۆژانە .جارجاریش گوێگرتن لە گۆرانی منداڵان لە پۆلدا .

هەر دوای ئەو پیتەمان لە کتێبەکەدا (باخچەی ئاژەڵان ) ی تێدایە کە زۆربەی ئاژەڵەکانی دەبینین لەوێدا گفتوگۆ و قسە دەکەن ئەمە زۆرباشە بۆئەوەی بەشێوەی شانۆ بکرێت و منداڵان لە پۆلدا بەشداری بکەن و قسە بکەن . من خۆم زۆربەباشی گرنگی بەم شانۆ و گفتوگۆیانە دەدەم و گوێیان لێدەگرم .

لەم کاتانەدا پرسیارکردن لە قوتابیی و گوێ گرتن لە پرسیارەکانی قوتابییان، زۆر زۆر گرنگە.

## وەرزی دووەم

## وانەی بیست و هەشت

## کتێبی سمۆرەکە



## پیتی (خ , خـ) شاخ

**ناساندنی پیت :**

گوڵەکانم جوان تەماشای ئەم وێنەیەی دەستی من بکەن چی دەبینن ؟ زۆرباشە باخۆم پێتان بڵێم

سمۆرە خنجیلانەکەمان ڕۆیشتووە بۆ سەر شاخ , جوان و باش و بەگەرمی خۆیی پێچاوەتەوە بۆ ئەوەی سەرمای نەبێت , جلی گەرمی لەبەرکردووە چونکە دەزانێ سەر شاخ زۆر ساردە و بەفری لێیە ,

ئێوە دەیبینن ؟ قوتابیان : بەڵێ , زۆرباشە .

ڕۆیشتووە بۆئەوەی پیتێکی نوێترمان پێبناسێنێ ئێوە دەزانن ئەو پیتە چییە ؟ هەر بڕژێن بەڵێ پێی دەوترێت (خ) .

پیشاندانی ئەو کارت و وێنانەی پیتە نوێیەکەی تێدایە , بەشێوەی دەنگیی دەیڵێم وەک هەموو پیتەکانی تر , ئەوانیش دەیڵێنەوە لەگەڵم .

دوای ئەوەی کەزانیمان دەنگەکەی چۆن دێتە دەرەوە لە قورگمانەوە ئینجا سەرەی ئەوەیە شێوەی پیتەکە فێرببین , لەسەر تەختە سێ جار دەینوسم و دەیڵێم ئەوانیش دووبارەی دەکەنەوە بەم جۆرە :

(خـ) دەوەستین لەسەری چونکە قاپەکەمان لایەکی شکاوە کەواتە (خـ) کەمان ( خـ) ی سەرەتا و ناوەڕاستە

باشە ئەگەر سەرەتا و ناوەڕاست بێت دەبێت بەچی بەرز و نزمی بکەین ؟

قوتابیان : بزوێنی درێژ و بزوێنی کورت , هەر بژین گوڵەکانم

یەڵا بابەرزی بکەینەوە خـ ____ خا , با نزمی بکەینەوە خـ _____ خە

(خ) کۆتایش لە کۆتایی وشەیا دێت بۆیە ساغ و سەلامەتە و نەشکاوە

بەڵام ڕۆڵەکانم نەکەن بیرتان بچێت ئەو نوکتەی بۆنەکەن لەسەری ئەو کات دەبێت بە پیتەکەی پێشوو کە (ح) بوو , ئەم پیتەمان یەک نوکتەی بەسەرەوەیە (خ) .

**ڕاهێنانی ناو پۆل١** : گێڕانەوەی چیرۆکەکەی , نوسینی لە هەوایا نوسینی لەو تەختەی لەبەردەستیانایە

**ئەرکی ماڵەوە ١ :** نوسینی پیتەکە لە تیانوسەکانیاندا :

خ , خـ          خا          خە



**ڕاهێنانی ناو پۆل٢ :** ووتنی ئەو شت و شوێنانەی پیتە نوێیەکەی تێدایە ( بەرخ , شاخ ,خۆراسان، خورما , خرخاڵ , مێخەک , خەناوکە , مەشخەڵ , خەندە , خۆش ,خانوو , خۆخ , دەخۆم , قوتابخانە , دەخوێنێتەوە , خانەقین، خەڵک , بەختیار , ).. هتد

بردنی خورما و مێخەک و خرخاڵ بۆ قوتابیان و پیشاندانیان .

**ئەرکی ماڵەوە ٢:** نوسینی دوو وشە لە تیانوسەکانیاندا :

بەرخ          مێخەک

**ڕاهێنانی ناو پۆل** ٣ : دوو دوو لەسەر تەختە گەورەکە قوتابیان دەینوسن

نوسینی ڕستەیەک لە دەفتەرەکانیان هەر لە پۆلدا :

(خورما بەسوودە , من هەمیشە دەیخۆم ) پێنج جار قوتابیان بینوسنەوە لە تیانوسەکانیاندا

**چالاکی ناو پۆل** : شیکارکردنی چالاکییەکانی کتێبەکە , نوسین و خوێندنەوەی بابەتی (خەندە)

ڕۆژی دواتر ئیملاکردنی بابەتی (خەندە) لەکاتی ئیملایا دەبێت مامۆستا کەشێکی لەبار و گونجاویان بۆ برەخسێنێت بۆ ئەوەی هەست بە ترس نەکەن و لایەنی دەرونییان لەبەرچاوبگیرێت .

## وەرزی دووەم

## وانەی بیست و نۆ

## کتێبی سمۆرەکە

## پیتی (ج , جـ) ساج

**ناساندنی پیت :**

وێنەی سمۆرەکەیان پیشان ئەیەم کە سمۆرەی جوان لە پاڵ (ساجدایە) کێ دەزانێ بۆچی ؟

قوتابیان : چونکە پیتی (ج) مان پێدەناسێنێ , زۆرباشە گوڵەکانم بەڵێ

ئەی ساج چییە ؟

**ساج :** لە ئاسن دروست کراوە و شێوەی خڕە و خەڵکی نانی لەسەر دەبرژێنن , ئەها سمۆرەکە نانی بەدەستەوەیە و دەیەوێت بیخوات . بە دڵنیاییەوە چۆن کشتوکاڵ بەرهەمی بیری کوردەکانی زاگرۆس و تۆرۆسە، ئاوایش ساج بەرهەمی بیرکردنەوەی مرۆڤە کوردەکانە.

ئەمڕۆ پیتێکی تری زمانی شیرینی کوردی دەخوێنین کە پیتی (جـ , ج) چەند جارێک دەیڵێم بەشێوەی دەنگیی دواتر دەینوسم ,پاشان هاوشێوەی دوو پیتی پێش خۆیەتی تەنیا بە نوکتەکان جیاوازن بابیرتان بێنمەوە ئەمەیان (ح ,حـ , حا , حە) بوو سادە و ساکار هیچ نوکتەیەکی لەگەڵ نییە . ئەم پیتەی تریشیان (خ , خـ , خا , خە ) یە کە نوکتەیەک بەسەریوەیەتی .

پیتەکەی تری ئەمڕۆمان لەبری ئەوەی نوکتەکە بەسەرییەوە بێت لە (جـ) ی سەرەتا و ناوەڕاست نوکتەکە دەچێتە ژێر پیتەکە ئەگەر بزوێنی درێژی پێوە بکەین دەبێت بە (جا) کورتی بکەینەوە یان نزمی بکەینەوە بە بزوێنی کورت دەبێت بە (جە) .

ج___ کۆتایی وەک دوو پیتەکەی تر وایە (خ , ح) بەڵام نوکتەکە لە ناویایەتی یان لە باوەشیایەتی بەم شێوەیە (ج). هیوادارم تێکەڵی نەکەن و لێتان تێکنەچێت .

**ڕاهێنانی ناو پۆل** ١ : دیسانەوە دەینوسمەوە (جـ , جا , جە , ج ), ئەوانیش لە هەوایا دەینوسن , دواتر لە تەختەکەی بەردەمیان بینوسن . گێڕانەوەی چیرۆکەکەی .

**ئەرکیماڵەوە** ١ : نوسینی پیتەکەمان لە تیانوسەکانیاندا :

جـ , ج    جا    جە

**ڕاهێنانی ناو پۆل ٢ :** ناوی ئەو شوێن و شتانەی پیتەکەمانی تێدایە (کوردمانجێ، جانتا , پەنجە , جۆ , ساج , جبس , جەمەدانی , برنج , پێنج , جاجم , کونجی , جوجک) .. هتد

پیتەکەمان بە گەورەیی بکێشین و ڕەنگی دەکەین .

**ئەرکی ماڵەوە ٢** : نوسینی دوو وشە لە تیانوسەکانیاندا :

جانتا                                   برنج



**چالاکی ناو پۆل** : شیکارکردنی چالاکییەکانی کتێبەکە , نوسین و خوێندنەوەی بابەتی (جوجەڵەکان)

* ڕۆژی دواتر ئیملاکردنیان لەو بابەتەدا

**وەرزی دووەم**

**وانەی سی**

**کتێبی سمۆرەکە**

**پیتی (غـ , غ ) باغ**

**ناساندنی پیت :**

قوتابیە گوڵەکانم ئامادەن ئەمڕۆ وانەیەکی نوێ و پیتێکی نوێ بخوێنین ؟ زۆرباشە سەیری ئەم وێنەیەی دەستی من بکەن چی دەبینن ؟

لە وێنەکەدا سمۆرە و دار و گوڵ و خاکە ناز و باغ دەبینین , سمۆرە گیان چووە بۆ باغ خاکەنازێکی ناوە بەشانییەوە و دەیەوێت باغ ئاو بدات، دەزانن بۆچی چووە بۆ باغ ؟

بەڵێ ئافەرین بۆ ئەوەی پیتی (غ ) بە ئێمە بناسێنێ .

**بـاغ :** باخیشی پێدەڵێین بەو پارچە زەوییە دەوترێت کە جوان ئامادەکراوە و خزمەتکراوە ژمارەیەکی زۆر دار و درەختی تێداچێنراوە میوە جوان و بەسوود و جۆراو جۆرەکان بەرهەمی باغن .

بەشێوەی دەنگی چەند جارێک دەیڵێمەوە , بەوانیش دەڵێم کە بیڵێنەوە، پیتەکەیان پیشان ئەیەم , دواتر بۆیان دەنوسم لەسەر بۆردەکە : غـ ئەم جۆرەیان لە سەرەتا و ناوەڕاستی وشەدا دێت , بزوێنی درێژ وەردەگرێت دەبێت بە غا , بزوێنی کورت وەردەگرێت دەبێت بە غە .

غ : ئەمەیان لە کۆتایی وشەیا دێت .

کێ دەزانێ کام پیتەمان هەبوو لەم پیتە دەچوو بەڵام نوکتەی نەبوو سادە و ساکار بوو ؟

زۆرباشە گوڵەکانم

پیتی (ع) بوو.

چۆن بیناسینەوە ؟ پیتی (ع ) ە کەمان سادە و ساکارە و هیچی پێوەنییە , بەڵام (غ)ە کەمان نوکتەیەکی بەسەرەوەیە ئاگاداربن بیرتان نەچێتەوە .

**ڕاهێنانی ناو پۆل ١** : نوسینی لە هەوایا دواتر لەو تەختەی لەبەردەستیانایە

گێڕانەوەی چیرۆکەکەی

**ئەرکی ماڵەوە ١:** نوسینی پیتەکەمان لە تیانوسەکانیاندا :

غـ , غ      غا      غە

**ڕاهێنانی ناو پۆل ٢:** ووتنی ناوی ئەو شوێن و شتانەی پیتە نوێیەکەمانی تێدایە (غاردان , لغاو , باغ , قەڵغان , قەرەداغ , قەیماغ , غۆریلا، غەم، ) .



دوو دوو هەڵیانەسێنم بۆئەوەی لەسەر تەختەکە بینوسن (غ ,غـ , غا , غە) .

**ئەرکیماڵەوە ٢**: نوسینی دوو وشە لە تیانوسەکانیاندا :

قەرەداغ غۆریلا

**چالاکی ناو پۆل :** شیکارکردنی چالاکییەکانی کتێبەکە بەبەشداری قوتابیان

نوسین و خوێندنەوەی بابەتی (قەیماغ ) بەباشی باسی قەیماغ و چۆنیەتی دروستکردنیان بۆ دەکەم

ئەگەر هەبێت ببرێت بۆ پۆل باشترە .

ڕۆژی دواتر ئیملاکردنی بابەتی (قەیماغ)

هەر وانەیەک کە دەچمە پۆلەوە کردوومە بەبەرنامە هەموو پیتە خوێندراوەکانیان بیردەخەمەوە بە بزوێنی درێژ و بزوێنی کورتەوە ئینجا وانەی نوێ دەخوێنم . بەتایبەت زۆر گرنگی بە قوتابیە لاوازەکان ئەیەم بە مەرجێک کە خۆیان هەست نەکەن هۆکاری گرنگیپێدانەکە هی لاوازییانە .

**وەرزی دووەم**

**وانەی سی و یەک**

**کتێبی سمۆرەکە**

**پیتی (ڤـ , ڤ) مرۆڤ**

**ناساندنی پیت :**

لەم وانەیەشماندا هاورێی جوانمان بەرێز سمۆرە بەسەر دارێکەوەیە و چووە بۆ لای (دارا) بزانین بۆچی ڕۆشتووە , با هەموو پێکەوە سێری وێنەکە بکەین .

دەیەوێت پیتی (ڤ ) مان پێبناسێنێ کەلە مرۆڤدا هەیە , ئێمە هەموومان مرۆڤین چۆن لە شتەکانی دەوروبەرمان جیادەبینەوە و دەزانین مرۆڤین ؟ چونکە ئێمە خاوەنی ژیریی خۆمانین کە خوای گەورە پێی بەخشیوین و خۆمان گەشەی پێئەدەین . ئێستا ئێوە منداڵن وردە وردە گەورە دەبن و دەخوێنن و دەبن بە کەسێکی خوێنەوار سوودتان بۆ خۆتان و دەوروبەتان دەبیتَ لە ئەنجامی چیدا ؟ لە ئەنجامی ئەوەی خاوەنی ژیرین و خوا پێیداوین و جیاوازین لە دروستکراوەکانی تر .

پیتەکەیان پیشان ئەیەم و چەند جارێک بەشێوەی دەنگیی دەیڵێم دواتر بۆیان دەنوسم لەسەر تەختە و لەسەر هێڵ بە ڕەنگاو ڕەنگی .

ڤ ــــ قاپەکە شکاوە کەواتە لە سەرەتا و ناوەڕاستی وشەیا دێت وەک (شڤان)

ڤ ــــ قاپەکەمان نەشکاوە و ساغ و سەلامەتە کەواتە لە کۆتایی وشەیا دێت وەک (هەیڤ)

قوتابیەکان بیرتان نەچێت کە ئێمە دوو پیتی ترمان هەبوو وەک ئەم پیتە بوو بەڵام بە نوکتەکان جیاوازیان هەیە .

ئەمە (ف, فـ) بوو بە یەک نوکتە , ئەمە (ق , قـ) بوو بە دوو نوکتە , سێیەمیان (ڤ ,ڤـ) بوو بە سێ نوکتە .

یەڵا بەرزی بکەینەوە بەبزوێنی درێژ دەبێت بە (ڤا) نزمی بکەینەوە بە بزوێنی کورت دەبێت بە (ڤە)

**ڕاهێنانی ناو پۆل١ :** لە هەوایا دەینوسین پاشان لەو بۆردەی لە بەردەستیانایە , گێڕانەوەی چیرۆکەکەی

وێنەی پیتەکە دەکێشین و ڕەنگی دەکەین .

**ئەرکی ماڵەوە** ١ : نوسینی پیتەکە لە تیانوسەکانیاندا بەم جۆرە :

ڤـ , ڤ                    ڤا                    ڤە

**ڕاهێنانی ناو پۆل ٢** : ناوی ئەو شوێن و شتانەی پیتە نوێیەکەی تێدایە بە ڕیز لەگەڵ قوتابیەکاندا ( شەڤ ئاڤیار , هەیڤ , هەڤاڵ , مرۆڤ , گڤەگڤ , هەتاڤ , لاڤە , ئێڤارە , هێڤی , هاڤین , ئەڤە، ئەڤین، تاڤگە، چاڤ، گاڤ، ناڤ، ڕاڤە، بزاڤ) .. هتد



دوو دوو هەڵیانەسێنم لەسەر تەختەکە بینوسن .

**ئەرکی ماڵەوە ٢** : نوسینی دوو وشە لە تیانوسەکانیاندا :

ئاڤێستا مرۆڤ

**چالاکی ناو پۆل :** شیکارکردنی چالاکییەکانی کتێبەکە لە پۆلدا , گرنگیدان بەو قوتابیانەی ئاستیان لاوازە

نوسین و خوێندنەوەی بابەتی (هەتاڤ ) ڕۆژی دواتر ئیملاکردنی .

**وەرزی دووەم**

**وانەی سی و دوو کۆتا وانەیە**

**لە کتێبی سمۆرەکە**

**پیتی (چـ , چ ) ورچ**

**ناساندنی پیت :**

لە کۆتا پیتی کتێبەکەماندا (چـ , چ ) دەخوێنین , سێری وێنەکەی دەستی من بکەن بزانن چی دەبینن

سمۆرە و ورچ و هەنگوین , قوتابیان با هەموو پێکەوە سوپاسی سمۆرەی هاوڕێمان بکەین ( سمۆرە گیان سوپاس کە ئەم ساڵ لەگەڵمان بوویت و فێری پیتەکانت کردین) هەموومان خۆشمانەوێی.

لە کۆتا پیتمانا سمۆرەی شیرین هەنگوینی بردووە بۆ ورچی هاوڕێی دەزانێ حەز بە خواردنی (هەنگوین) دەکات .

**هەنگوین** : خواردنێکی زۆر بەسوود و سوود بەخش و بەچێژە , دەزانن چ ئاژەڵێک دروستی دەکات و هیچییە ؟ قوتابیان : بەڵێ هی هەنگە و هەنگ لە شیلەی گولان دروستی دەکات

هەنگوینی قەندیل زۆر تایبەتە

قوتابیبە ئازیزەکانم، قەندیل نەک هەر هەنگوینکەی، بەڵکو هەموو شتێکی تایبەت و کوردانەیە.

**هەنگ** : گیاندارێکە دەفڕێت بە باڵە جوان و ڕەنگینەکانی چەنەها کیلۆمەتر دەبڕێت و دەگەڕێت تا لە جوانترین گوڵ و پاکترین گوڵ هەنگوین بۆ ئێمە دروست بکات , هەنگوین تامەکەی شیرینە و زۆر باش و بەسوودە خواردنی , هیوادارم ئێوەش هەموو کات بیخۆن بە تایبەتی لە بەیانیاندا کە دێن بۆ قوتابخانە بۆئەوەی وزەی باشتان پێبدات .

قوتابیان بۆ ئەم وانەیە زۆر پێیان خۆشە کە ورچی یاری لەگەڵ خۆیان بێنن , بۆیە هەموو ساڵێ لەو وانەیەدا وانەکەمان جیاوازتر دەبێت و بە خۆشی و پێکەنینەوە کۆتا پیتمان دەخوێنین .

لەم هەنگاوەدا بەشێوەی دەمی دەیڵێم چەند جارێک , کارتەکانیان پیشان ئەیەم ئەوەی پیتە نوێیەکەمانی تێدایە , پیتەکەشیان پیشان ئەیەم بۆ ئەوەی بزانن شێوەی چۆنە , نوسینی لەسەر تەختەکە .

چـ --- قاپەکەمان شکاوە کەواتە لە سەرەتا و ناوەڕاستی وشەیا دێت وەک (چەم )

چ --- قاپەکەمان نەشکاوە ساغ و سەلامەتە کەواتە لە کۆتایی وشەیا دێت وەک ( پرچ)

با (چـ ) سەرەتا و ناوەڕاست بەرز بکەینەوە بە بزوێنی درێژ (چا)

با (چـ ) سەرەتا و ناوەڕاست کورت بکەینەوە بە بزوێنی کورت (چە)

وتمـان پیتەکـانی کۆتایمـان بزوێنـی کـورت و درێـژ وەرنـاگرن تەنیـا سـەرەتا و ناوەڕاسـتی ووشـە وەریدەگرێت

قوتابیە گوڵەکانم ئەم پیتەشمان هاوشێوەی هەیە کێ دەزانێ لە چی پیتێکی ترمان هەبوو وەک ئەم بەڵام بە نوکتە جیاواز بوو ؟ قوتابیان : (ح , ج )

زۆرباشە گوڵەکانم هەربژین

پیتی (ح , حـ) سادە و ساکارە و هیچی پێوەنییە

پیتی (ج , جـ) لە (ج) کۆتـایی نـوکتەکە لە باوەشیدایە و لە سـەرەتا و ناوەڕست نـوکتەکە لە ژێریـایەتی بەم جۆرە ( جـ)

پیتـی (چ , چـ) کەشـمان بە سـێ نـوکتە جیـاوازە لە (چ) ی کۆتـایی نوکتەکـانی لە باوەشـیدایە, بەڵام لە سەرەتا و ناوەڕاست نوکتەکان لە ژێریدان بەم جۆرە (چـ )

گوڵەکانم : هەریەکێک لەم پیتانە جیاوازن لەیەکتر هەم لەشێوە و هەم لەدەنگ , چـۆن ئێوە هەمووتـان جیاوازن و کەستان لە کەستان ناچن، پیتەکانیش بەو شێوەیەن .

**ڕاهێنانی ناو پۆل١** : نوسـینی لە هەوایا , نوسـینی پیتەکەمـان لەوتەختەیەی بەردەسـتیان بە بزوێنـی کورت و بزوێنی درێژەوە . گێڕانەوەی چیرۆکەکەی .

**ئەرکی ماڵەوە ١ :** نوسینی (چـ , چ )لە تیانوسەکانیاندا :

چـ , چ چا چە

**ڕاهێنانی ناو پۆل٢** : ناوی ئەو شوێن و شتانەی لە پیتەکەماندا هەیە (چەقەڵ ,قۆچان، چەند , ورچ , چیا ,چۆنی , چەم , پرچ , چیمەن , باخچە , قاچ , چەماوە , چاوشارکێ , گورچیلە) ..هتد .

قۆچـان شـار و نـاوچەیەکی کـوردەجێی خۆراسـانە و هەزاران کـورد لە دێرزەمـانەوە لەو بەشـەی وڵاتەکەی خۆیان ئەژیین.

دوو دوو لەسەر تەختەش پێیان دەنوسم بەڕیز

**ئەرکی ماڵەوە٢** : نوسینی دوو وشە لە تیانوسەکانیاندا :

ورچ چاو

**چالاکی ناو پۆل** : شیکارکردنی چالاکییەکانی کتێبەکە , نوسین و خوێندنەوەی بابەتی (چاوشارکێ)

ڕۆژی دواتر ئیملاکردنی هەمان بابەت لە دەفتەری ئیملایا

لە کۆتـایی کتێـبەکەدا گفتوگـۆیەکی تێـدایە کە بـاس لە پـاک و خـاوێنی ژیـنگە دەکـات، هەوڵ ئەیەم چالاکییـان پێـبکەم و پـێکەوە هەموومـان قوتابخـانە پـاکبکەینەوە و خۆشـمان بـوێ و ئەم هەسـتی ژینگەپارێزییە ببەینەماڵەوە و ناو وڵاتیش.

❊❊❊❊



هەر لە کۆتایی کتێبەکەدا باسی وەرزەکان دەکات و مانگە کوردییەکانی دیاریکردووە

**مانگەکانی بەهار** : ( نەورۆز , گوڵان , جۆزەردان )

**مانگەکانی هاوین** : ( پوشپەڕ , خەرمانان , گەلاوێژ )

**مانگەکانی پایز** : ( ڕەزبەر , گەڵاڕێزان , سەرما وەز )

**مانگەکانی زستان** : ( بەفرانبار , ڕێبەندان , ڕەشەمێ )

ناوی ئەم مانگە کوردییانە پێویستە مامۆستا فێری قوتابیەکانی بکات بۆئەوەی لەبەری بکەن و بیزانن بەشێوەی گۆرانییش هەیە، هەستەکەم وا زۆر ئاسانتر و باشتربێت بۆ قوتابی و خێرا لەبەری دەکەن.

پێداچونەوەی هەردوو کتێبی وەرزی یەکەم و دووەم

ئیتر ئێستا دەبێت بەشێوەیەکی زۆرباش زۆربەیان بتوانن بنوسن و بخوێننەوە .

لە کۆتاییا زۆر سوپاسی ( ***بەختیار مام حەمید*** ) دەکەم هەمیشە وەک کێوێک لە پشتم بووە .

زۆر سوپاس بۆ مامۆستا (***کۆسار عەبدوڵا*** ) بۆ دڵسۆزی و ماندووبونەکانی و پێشنیاری بۆ ئەم ڕێبەرییە .